# رۆڵی سیاسی و هونەری و رۆشنبیری ژنانی شەقڵاوە لە نێوان ساڵانی ۱۹۵۸-۱۹۹۵
# توێژینەوەیەكی مێژوویی

**پ.د.سامان حسێن ئەحمەد**
زانستە كۆمەڵایەتییەكان، كۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانكۆی سلێمانی
saman.abdullah@univsul.edu.iq
**بێریڤان محمد محموود**
ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ
berevanshaqlaway@gmail.com

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات رۆڵی ژنانی شەقڵاوە لە رووی رۆشنبیری و سیاسییەوە لە نێوان ساڵانی ۱۹۵۸-۱۹۹۵ دا بخاتەڕوو، ئامانجی سەرەكیش بریتییە لە تاوتوێكردنی رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری ژنانی شەقڵاوە، بەوەی لە چ كاتێكەوە دەركەوتووە و دواتر پێ بە پێ لە قۆناغەكاندا ژنان لە رووداوە سیاسی و رۆشنبیرییەكانی شارەكەدا چ رۆڵێكیان گێڕاوە، لەم كارەدا سەرەتا باسی لایەنی رۆشنبیری شارەكە و دەركەوتنی رۆڵی ئافرەت كراوە لە دوای ساڵی ۱۹۵۸ موە و دوای ئەوەش رۆڵی ژنان لە تیپی مۆسیقای سەفین باسكراوە، هاوكات لەم توێژینەوەیەدا باسی رۆڵی ژنانی شەقڵاوەكراوە لە رووی سیاسی ورۆشنبیری و هونەرییەوە لە هەشتاكانی سەدەی بیستەمدا تا كەوتنەوەی جەنگی ناوخۆیی كوردستان، لە گرنگترین ئەو ئەنجامەی لەم توێژینەوەیەدا توێژەران پێیگەیشتوون بریتی بوون لەوەی بەهۆی سروشتی جوگرافی و شوێنە جوگرافییەكەیەوە شەقڵاوە لە سەدەی نۆزدەوە پێگەو رۆڵی گرنگی هەبووە وەكو شارۆچكەیەك بووە نەک لادێ نشین، كە ئەمەش دواتر رۆڵی هەبووە لە دەركەوتنی چالاكی سیاسی و رۆشنبیرییەكانی شارۆچكەكەو ودواتریش دەركەوتنی رۆڵی ئافرەت لەو رووداوانەدا، هەروەها بۆمان دركەوت كە ژنانی شەقڵاوە رۆڵی بەرچاویان بووە لە رووداوەكانی هەشتاكانی سەدی بیستەمدا و لە راپەڕیندا ولەم نێوەندەشدا چەندین ژنی چالاک دەركەوتوون.
كلیلی وشەكان(ژن، شەقڵاوە، ڕاپەڕین، ڕۆشنبیری، سیاسی، هونەری پێشمەرگە، چاڵاكی، حكومەتی بەعس)

**ملخص البحث**
البحث يحاول إبراز دور المرأة في شقلاوة من الناحية السياسية والثقافية ما بين 1958-1995 و الهدف الرئيسي من البحث هي بحث عن دور المرأة في شقلاوة السياسي و الثقافي و منذ متى بدأت تظهر دورهن وكيف كانت دور المرأة في المراحل اللاحقة و تبدأ البحث بتمهيد ملخص عن اسم المدينة و الجغرافيتها و تأريخ المدينة و بعدها يتطرق الى تاريخ الثقافي للمدينة و ظهور دور المرأة منذ 1958 و تتكلم بعدها عن دور المرأة في فرقة سفين الموسيقية وكذلك تبحث البحث عن دور السياسي و الثقافي للمرأة في شقلاوة منذ ثمانينيات قرن العشرين وحتى اندلاع الحرب الأهلي في كوردستان و توصلت البحث الى نتائج عدة من أهمها ان الموقع الجغرافي و طبيعة الشقلاوة كانت لها دوراً كبيراً في ان تكون البلدة لها أهمية كبيرة في ان تكون شقلاوة مدينة وليس قرية مما كانت لها دور فيما بعد في نشاطات السياسية والثقافيية للبلدة وكذلك دوراً في ظهور دور المرأة في تلك النشاطات و كذلك وصلت البحث الى ان كانت للمرأة دوراً بارزاً في احداث ثمانينات قرن العشرين و إنتفاضة عام 1991 و وقد برزت في تلك الفترة عدة نساء نشيطة في البلدة.

**Summary**
This study aims to highlight the significant role of women in Shaqlawa, particularly in the cultural and political context from 1958 to 1995. The main goal is to examine the complex political and



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

cultural involvement of women in Shaqlawa, understanding how they emerged and the various roles they played in shaping the city's social and political landscape. The article begins with a brief summary of the city's geography and history, followed by an exploration of its cultural side and the changing role of women after 1958. It then delves into the role of women in the Safin music team. Additionally, the research discusses the participation of women in political, intellectual, and artistic aspects during the 1980s until the end of the Kurdistan civil war

The main findings of this research highlight the influence of Shaqlawa's geography and location, which has contributed to its significance as a town rather than just a village since the 19th century. This shift has played a role in the development of the city's political and cultural activities and has emphasized the increasing participation of women in these events. The research confirms the notable role women in Shaqlawa played during the 1980s, with many active andinfluential women emerging during the uprising.

**پێشەکی**

شەقڵاوە بە هۆی شوێنی جوگرافی و مێژووەکەیەوە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا جەنگی ناوخۆیی کوردستان یەکێک بووە لە شارۆچکە پڕچالاکی و دیارەکانی کوردستان لە رووی سیاسی و رۆشنبیری و هوونەرییەوە پێگەیەکی دیاری هەبووە، کە ژنانی ئەو شارە لەو ماوەیەدا بەشێکی دانەبڕاو بوون لەو چالاکییە و رۆڵ و پێگەی دیارییان هەبووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش تاکو ئێستا جگە لە هەندێک کاری کۆکردنەوەی زانیاری هیچ کارێکی ئەکادیمی لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستان لەم بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، هەر بۆیە ئێمە ئەم ناونیشانەمان وەکو کێشەی توێژینەوەکەمان هەڵبژارد.

ئامانجمانە لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە، کە ئایا رۆڵی ژنانی شەقلاوە لە چ کاتێکەوە دەستی پێکردووە، رۆڵی ژن لە تیپی مۆسیقای سەفیندا و لایەنی رۆشنبیری شارەکەدا چی بووە و دواتریش ژنانی شارەکە چ رۆڵێکیان لە رووداوەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا بووە و لە راپەڕین و دوای راپەڕینیش ژنان چ رۆڵێکیان گێڕاوە.

میتۆدی ئەم کارە زیاتر گێڕانەوە بووە لە گەڵ شیکاری لە هەندێک جومگەی کارەکەدا.

گرفتی سەرەکیشمان لەم کارەدا ئەوەبووە، کە دەبوو بۆ گەیشتن بە وردەکاری هەندێک لە رووداوەکان پشت بە چاوپێکەوتنی کەسانی بەشداربووی رووداوەکان ببەستین بەڵام هەندێکیان بە هیچ جۆرێک ئامادە نوبوون چاوپێکەتن ئەنجام بدەن، ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆریان لە هەندەرانن و نەمان توانی لە هیچ رێگایەکەوە پەیوەندییان لە گەڵدا بگرین.

سنوری کارەکەمان لە ١٩٥٨ ەوە دەست پێدەکات چونکە دەستپێکی سەرەتای دەرکەوتنی رۆڵی ژنە لە شارۆچکەکەدا و بە جەنگی ناوخۆش کۆتاییمان پێ هێناوە لەبەر ئەوەی لەوێوە ئیدی ژن لە شارەکەدا رۆڵی بەرەو کزی رۆیشتووە.

ئەم کارەش لە ناساندنێکی خێرای مێژووی شارەکەوە دەستی پێکردووە و دواتر چۆتە سەر رۆڵی ژنان و سەرەتای دەرکەوتنیان دوای ئەوەش باسی تیپی مۆسیقای سەفین و رۆڵی ژن تیایدا کراوە، دواتریش جۆتە سەر باسی رۆڵی ژن لە رووداوەکانی ساڵانی هەشتاکان تا راپەڕین و دوای ئەوەش باسی رۆڵی ژن لە راپەڕین و دوای راپەڕین کراوە.

- **یەکەم: مێژووی شەقڵاوە**

سەبارەت بە مێژووی شەقڵاوە [1]هەرچەندە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام ناوهێنانی[2] لە سەرچاوەکاندا زیاتر دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و ناوی شەقڵاوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەهاتووە تاوەکو سەردەمی (هەزبانیەکان) **(محەمەد و ئەوانی تر،۲۰۲۲: ۲۲)** بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا بە پێی ئەو پاشماوە و شوێنەوارانەی لە ناوچەکەدا هەن ئەم ناوچەیە لە سەردەمەکانی پێش مێژوودا هەبووە و لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشوری (۳۰۰۰-۱۵۰۰)پێش زاین،و کلدانیەکانیەکان (٦۱۲پێش زایین) دا بووە (**بەگ، ۲۰۲۱: ۲۹۸**)، دواتریش فارسەکان ماوەیەکی حوکمیان کردووە، پێ بەپێ تا دەرکەوتنی میرەکانی سۆران، ئیتر کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان، دوای ئەوەش لە سەدەی شازدەوە، کە دەوڵەتی عوسمانی ناوچەکەی داگیر کردووە، ئیدی ئەم ناوچەیە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئەوان تا سەرەتای سەدەی بیستەم و رووخانی دەوڵەتی عوسمانی[3] **(کۆسا، ۲۰۲۲: ۲٤-۲٥)**.

لە سەردەمی عوسمانیدا شوێنی گرنگی شەقڵاوە وایکردووە عوسمانییەکان گرنگی بە شەقڵاوە بدەن و ناوی شەقڵاوە لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا بە شێوەیەکی بەرچاو هاتووە هەرچەندە شەقڵاوە بە درەنگەوە بوو بە قەزا، بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە شوێنێکی گرنگی هەبووە لەسەر هێڵی(کەرکوك و هەولێر و ڕەواندز) وەك ناوەندێك سەیر کراوە هەروەها شوێنێکی

---

1 سەبارەت بە شوێنی جوگرافی شەقڵاوە،ئەوا شەقڵاوە دەکەوێتە دامێنی چیای سەفین و باشوری ڕۆژئاوای چیای سۆرك، دۆڵەکانی شەقڵاوە پڕاوپڕن لە درەختی بەرز و جوان**(عومەر، ۱۹۹۸: ٥۳)**. قەزای شەقڵاوە سەر بە پارێزگای هەولێرە، دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەکانی سەر بە شاری هەولێر و بە دووری ٥۰ کم لە سنوری پارێزگای هەولێرەوە دوورە و شوێنەکەی وا هەڵکەوتووە،کە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ڕێگای بە ناوبانگی هاملتۆن بە ناو شەقڵاوەدا تێپەڕ دەبێت وئەمەش وای کردووە، شەقڵاوە بۆتە خاڵی بەیەک گەیشتنی نێوان پارێزگاکان**(شابا، ۲۰۰۱: ٤)**. سەبارەت بە عێراقیش ئەوا شەقڵاوە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراقەوە. لە رووی شوێنی فەلەکیشەوە، شەقڵاوە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی(۱۰ ۱٥ ۳٦ ) (۳٥ ٤۰ ۳٦) باکور , هێلی درێژی ( ۰ ٥۷ ٤۳ ) (۳٥ ۳۷ ٤٤ ) ڕۆژهەڵات: **(نەجمەدین، ۲۰۱۳: ۱۲)**.
شەقڵاوە بە چەند زنجیرە چیایەک دەورەدراوە لەوانە زنجیرە چیاکانی (چیای سەفین , چیای بەنی هەریر, چیای پیرمام، چیای شەکرۆک، چیای سپیلك**(حەداد،۲۰۰۹: ۱۹۰، عومەر،٥۳:۱۹۹۸)** هەروەها شەقڵاوە چەندین گردی تیدایە وەکو گردەکانی (گردی خەلیلۆک،گردی بەردەکش،گردی ڕووتا،گردی عومر ئاغا،گردی شیر،گردی ئادەمی لە سنوری هەریر)ئەم گردانە بەرزایەکانیان لە نێوان (٦٥۰-۹۸٥)م دایە هەموو ئەم گردانە بە دارو درەخت داپۆشراون. جگە لەوەی چەندین دۆڵی تێدایە لەوانە(دۆڵی مزگەوتە،دۆڵی بیرێژ، دۆڵی ئاژگە،دۆلی ئالانە(بالیسان)،دۆڵی شەقڵاوە، دۆڵی بەستۆڕە) **(نەجمەدین، ۲۰۱۳: ٥٥,٥٦,٥۷,٥۸,٥۹)**. ئەم پێکهاتە سروشتییەی شەقڵاوەش وای کردووە، شەقڵاوە چەندین شوێنی گەشتیاری تێدایە هەڵکەوتووە، کە هەر لە دێر زەمانەوە گەشتیاران لە هەموو عێراق ڕووی تێدەکەن لەوانە (سەیرانگای هیران، سەیرانگای هەنارە،سەیراگای چنێران،سەیرانگای شێرەسوار،سەیرانگای دارە بزمارە،سەیرانگای تەوسکە،گرنگترینیان هاوینە هەواری شەقڵاوە، سەیرانگای حاجی بایز ) **(نەجمەدین، ۲۰۱۳: ٥٥,٥٦,٥۷,٥۸,٥۹)**.
لە رووی پێکهاتەی دانیشتوانیشەوە شەقڵاوە ناوچەیەکی فرە ئاینیە و ئاینەکانی وەکو (مەسیحی و ئیسلام و جولەکەی) لێبووە، بە پێی سەرچاوەکان جولەکەکان لە ناوەڕاستی پەنجاکان شەقڵاوەیان جێهێشتووە، لە راستیدا لە شەقڵاوەدا هەموو بۆنە ئاینیەکان ئەنجام دراون وەکو (جەژنی ڕەمەزان و قوربان و لە دایک بوونی پێغەمبەر (د.خ) هەروەها جەژنی قیامەی لە دایک بوونی حەزرەتی عیسا و جەژنی لە خاجدان (بۆنەی ئاگری پایزە) لە ۹\۱٤ و جەژنی سەری ساڵ**(ئەنیس،۲۰۲۳: چاوپێکەوتن)**.
2 سەبارەت بە ناوی شەقڵاوە چەندین بۆچوونی جیاواز هەن، کە هەریەکان بە جۆرێک ناوی شەقڵاوەیان هێناو لەوانە:یەکێک لە بۆچوونەکان دەڵێت ناوی شەقڵاوە لە وشەی (شەقڵ) ەوە هاتووە کە ئاماژەیە بۆ ئاشکرا کردنی دزین لە خەرمان، شەقڵ لە پارچەیەك تەختە درووست کراوە لە لێوارەکانی خەرمانی گەنم و جۆ دەدرێت لە کاتی دزین و دەست بۆ بردنی شەقڵەکە دزیەکە ئاشکرا ئەبێت.**(شێر،۲۰۰۷: ۱٥)**، یاقوتی حەمەوی لە کتێبی (معجم بلدا) دا بە (شەقلاباز) ناوی شەقڵاوە هێناوە**(حموی، ۱۲۳۸: ۳٥٥)**، مێژوو نووسی گەورەی کورد شەرەفخانی بەدلیسی لە شەرەفنامەدا بە (شاقولئاوا)ناوی هێناوە**(بەدلیسی، ۲۰۰٦: ۳٤۱)** هەروەها لە کتێبی (شهد الدوله فارسیه۱۸٤۷) شەمامە میخایل مەنسوریشدا بە (شەقلابند) ناوی شەقڵاوەی هێناوە، هاوکات لە نوسراوێکی کەنیسەی شەقڵاوەدا، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1859 و تایبەتە بە سروت رێورەسمی کلدانییەکان بە (شەقڵاباد) ناوی بردووە **(کۆسا، ۲۰۲۲: ۲۱)**، لە (معجم اللغه الکردیه)شدا، بە(شەقل ئاباد) ناوی بردووە **(شێر،۲۰۰۷: ۱٥ )**، ئەمە لە کاتێکدا، کە (محمد ئەمین زەکی) لە (کتێبی تاریخ کوردستان) ۱۹٦۱بە (شکاباد) ناوی هێناوە**(زەکی،۱۹٦۱ :۳۷)**، جەمیل ڕۆژ بەیانی لە وەرگێری شەرەفنامە بە (شەق شەقل) ناوی هێناوە مەبەستی لەوە دارو شەقڵە بووە بە ئاودا دێت **(وەرگیراوە لە، سەرتاش، ۲۰۰۹ :۳٥)**.
(حوسین حوزنی موکریانی) لەکتێبی (مێژووی میری سۆران) بە شاقاباد ناوی هێناوە (شەمعون شەقلا بەندی) بە (شەقڵە بەند )ناوی هێناوە هەندێك لە سەرچاوەکان بە دامەزرێنەری ئەم شارە دایدەنێن.**(موکریانی، ۱۹۱۰ :۸ )**هەندێك لە مێژوو نووسان و سەرچاوە مێژوویەکان ڕایان وایە بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافیاکەیەوە، کە چیای سۆرك دوولەتی کردووە بەهۆی ئاو و هەواکەییوە بۆیە ناوی شەقڵاوە لە شەق و ئاو هاتووە واتە ئاوەکەی شەقی کردووە شەق ئاوا بووە هەروەها بە بۆچوونی مەسیحیەکانیش ناوی شەقڵاوە ڕەگێکی سریانی هەیە، کە شەقڵاوە دەچێتەوە سەر ناوێکی سریانی واتە(ئاشتی). چونکە مەسیحییەکانی شەقڵاوە زۆر دەمێکە لەو شارەدا دەژین، کە چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەکەن،کە مەسیحیەکان لە سەدەی یەکەمی زاینییەوە هاتوونەتە شەقڵاوە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شەقڵاوە بوون بە مەسیحی **(سەرتاش، ۲۰۰۹: ۳٤۱ )**.بە شێوەیکی گشتی ئەم بۆچوونانە دەربارەی ناوی شەقڵاوە هەن بەڵام هیچیان بە یەکلاکەرەوەیی ئەوەمان بۆ دەرناخەن، کە ئەم ناوە لە چییەوە هاتووە و ماناکەی چییە لەبەر ئەوە لە هەر قۆناغێکی مێژوو بە شێوەی جیا جیا باس دەکرێت،بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە ئێستادا خودی خەڵکی شارەکە بە(شەقراوە ) ناوی شارەکە دەهێنن**سەرتاش،۲۰۲۳:چاوپێکەوتن)**
3 سەبارەت بە گرنگترین ئەو میرانەی شەقڵاوە لە ژێر حوکمڕانیاندا بووە بریتین لە : (میر محمد، میر عبدڵا،مر شەمسەدین،میر سلیمان، عبدڵا بەگ، محمد بەگ، ئەحمەد خان،عوسمان بەگ،میر مستەفا بەگ،میر بایز بەگ، میر قادر بەگ،عوسمان بەگ. **(محەمەد و ئەوانی تر، ۲۰۲۲ :۳۱،۳۲،۳۳،۳٤،۳٥)**

نزیکی سنووری ئێران بووە، کە ئەمەش بۆتە دەروازەی هەڵهاتن بۆ ئێران هەر لەبەر ئەم هۆکارە بووە دەوڵەتی عوسمانی بیری لەوە کردۆتەوە کە سەربازگەیەك یان کۆگایەك لە شەقڵاوە بکاتەوە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی چەك و تەقەمەنی**(خۆشناو، ٢٠١٨: ٤١)**، هاوکات لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی دەسەڵاتی مستەفا بەگدا بەڕێوەبەرێك بۆ شەقڵاوە دانراوە**(خورشید، ١٩٨٧: ١٢)**، هەر لە بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا دەردەکەوێت لە ١٨٨٨\٥\٣ وەزارەتی ناوخۆ مستەفا ئەفەندیان وەک بەڕێوەبەری شەقڵاوە داناوە بە موچەی ٧٥٠ قرووش،هاوکات لە ١٨٨٩\٢\٢٧ داواکراوە شەقڵاوە بەڕێوەبەرایەتی و لقی لێ دابمەزرێت و یەکەم بەڕێوەبەری شەقڵاوەش دوای دامەزراندنی(شەوقی ئەفەندی) بووە، کە ناوبراو لە مانگی ٦ ساڵی ١٩٠٦ لەبەر خەراپی باردۆخی خەڵک داوای هاوکاری لە خەلافەت کردووە. لە لایەکی تریشەو لە بەڵگەنامەیەکی تری عوسمانیدا، کە دوای ساڵی 1905 نوسراوە دەوڵەتی عوسمانی داوای دروست کردنی ئابووری رەدیف دەکەن لە شەقڵاوە و هەریر**(خۆشناو، ٢٠١٨: ٤٢)**، گرنگی شوێنی شەقڵاوە لە رووی سەربازییەوە وایکردووە،کە لەشکری شەشەمی هومایۆن لە شەقڵاوە جێگیربکرێت کە بەشی فەوجی ٩٠ و تابووری سێیەم و چەند بلۆکێك بووە،لە ساڵی ١٩٠٥ لەلایەن فەرماندەی لەشکری شەشەم هومایۆن داوا لە بابی علی کراوە شەقڵاوە بکرێ بە قەزا و ناحیەی هەریریشی پێوە بلکێندرێت. **(خۆشناو، ٢٠١٨ : ٥٠-٥١-٥٢)**.

هەر گرنگی شوێنی جوگرافی شەقڵاوە وایکردووە لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا داوابکرێت، ئەو هێڵە تەلەگراف و بەریدەی، کە لەنێوان کەرکوک و هەولێر دانرا شەقڵاوەشی بخرێتە سەر، بۆ ئەم مەبەستەش لە ١٩٠٦\١\٢٦ نوسراو بۆ ویلایەتی موسل دەنێردێت لە ساڵی ١٩١١ شدا قەزای کۆیە تەنیا یەک قەزای هەبووە ئەویش قەزای شەقڵاوەیە جگە لە لادێکانی. **(خۆشناو، ٢٠١٨ :٤٣-٤٤-٤٥)**.

جێگای شەقڵاوە لە سەدەی بیستەمدا لەڕووی سیاسییەوە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەبووە بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە، کە زۆربەی سەرکردە سیاسی و سەربازی و ئیدارییەکانی ئەوکاتەی ناوچەکە لە کورد و ناکوردەوە گرنگیان بەشەقڵاوە داوە و سەردانی ناوچەکەیان کردووە لەوانە، سمکۆی شکاک لە ماوەی حکومڕانی خۆیدا دووجار سەردانی شەقڵاوەی کردووە و لەلایەن میر بایز بەگ پێشوازی لێ کراوە. کە لەو کاتە (میر بایز بەگ) سەرۆک هۆزی خۆشناوان بووە مەبەست لە سەردانەکەی سمکۆی شکاک کۆمەڵکوژی مەسیحیەکان بووە وەک تۆڵە سەندنەوەیەک لە رووسەکان، بەڵام میر بایز بەتوندی وەڵامی دایەوە کە مەسیحیەکان خەلکی ڕەسەنی شەقڵاوەن ڕێگا بە کارێکی وا نادات، جاری دووەمیش سەردانی شەقڵاوەی کرد لەلایەن میر بایز پێشوازی گەرمی لێکرا. **(خورشید، ١٩٧٠: ٥١)**.

هەروەها هەندیک لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن لە ساڵی ١٩١٨ شێخ مەحمود سەردانی شەقڵاوەی کردووە باوکی شێخ مەحمود شێخ سەعید هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتیکی شەقڵاوە ئەنجام دابوو ئەمەش ببوە هۆکاری توند بوونی پەیوەندیەکان لەلایەن بەگزادەکانی شەقڵاوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا هەرچەند لەو سەرچاوانەدا کە تایبەتن بە ژیان و کەسایەتی شێخ مەحمودەوە ئەم زانیارییانە بەرچاو ناکەون و تەنها ئەو سەرچاوانە باسیان کردووە کە دەربارەی شەقڵاوە نووسراون.**(گۆزێ،٢٠١٤: ١٨٢-١٨٣)**.

لە ساڵی ١٩١٩ز (دەبلیو ئاڕ های) فەرمانڕەوای سیاسی ئینگلیز لە هەولێر سەردانی شەقڵاوە دەکات و لەلایە ن میرا ڕەشید بەگ و کوڕەکانی پێشوازی لێ کراوە**(محەمەد و ئەوانی تر، ٢٠٢٣: ٤١)** لە ساڵی ١٩٣١ز دا مەلیک فەیسەڵی یەکەم سەردانی شەقڵاوەی کردووە لەلایەن دانیشتوانی شەقڵاوە پێشوازیەکی گەرمی لێ کرا لێدوانێکی دا کە لێدوانەکەی لەلایە ن قەشەی شەقڵاوە (قەشە جبرائیل شێر) لە فەڕەنسی کرا بە کوردی **(خورشید، ١٩٧٠:٥٨)**.

لە ساڵی ١٩٥٢ز بۆ یەکەم جار (عەبدلئیلای وەسی سەردانی شەقڵاوەی کردووە و لەلایەن پیاو ماقولانی شارەکە لە دیوەخانی صدیق میر بەگ پێشوازی لێ کراوە. ساڵێک دواتر لە بنەماڵەی فەیصەلی دووەم خاڵی وەسی عەبدلئیلا دووبارە لە هەمان دیوەخان پێشوازی لێ کراوە. **(خورشید، ١٥٨:١٩٧٠)**.

لە ساڵی ١٩٧٩ز بۆ یەکەم جار صدام حسین هاتۆتە شەقڵاوە لەلایەن خەڵکی شەقڵاوە بە موسڵمان و مەسیحی و ئیدارەی شەقڵاوە پێشوازی لێکراوە. **(محەمەدو ئەوەنی تر،٢٠٢٢: ٤٤)**.

سەبارەت بە دەزگا فەرمییەکانی شەقڵاوەش ئەوا لە بەر ئەوەی هەر لەکۆنەوە شەقڵاوە ناوەندی ناحییە بووە و لە رووی ئیدارییەوە رۆڵی بەرچاوی بووە لە ناوچەکەدا،بۆیە سەرەڕای ئەو دامودەزگای فەرمییانەی هەیبووە هاوکات لە ساڵی ١٩٢٨ دەست کرا بە کردنەوەی ڕێگاوبانەکانی ناو کۆڵانەکانی شەقڵاوە **(بەگ، ٢٠٢١: ٤٢٢،٤٢١)**، لە ساڵی ١٩٣٨ دا فەرمانگەی پۆستەو گەیاندن لە شەقڵاوە دامەزرا و لە ساڵی ١٩٥٦ فراوان کرا، کە ئەم فەرمانگەیە لە ساڵی ١٩٨٢ دا بەڕێوەبەرەکەی ئافرەتێک بوو نای(ئەمەل مستەفا)بوو. لە ساڵی ١٩٤٠ یشدا فەرمانگەی باری شارستانیەتی دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٤١



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

فەرمــانگەی دارســــتــان دامەزرا و لە ســـــاڵی ١٩٥٣ ش فەرمــانگەی تۆمــارکردنی خــانووبەرە دامەزرا. **(بەگ، ٢٠٢١ : ٤١٨,٤١٩,٤٢٠).**

شـەقڵاوە لە مانگی ئایاری ساڵی 1952 بوو بە قەزا، یەکەم قایمقامیشـی نووسـەری دیاری کورد (شاکر فەتاح)بوو،هەرچەندە بە هۆکاری سیاسـی و ئابووری و ڕامیاری چەندین گۆڕانکای بەسـەرداهاتوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشـتی لە بەشـی باکوورییەوە هاوسـنورە لەگەڵ قەزای سـۆران هەروەها لە باکورو ڕۆژئاوە هاوسـنورەی قەزای ئاکرێ و هەولێر و قەزای خەباتە، هاوکات شەقڵاوە لەگەڵ قەزای ڕانیەش سنوری کارگێریان هەیە **(نەجمەدین، ٢٠١٣: ١٤،١٥).**

لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ یەکەم جار کارەبا هاتۆتە شەقڵاوە، بەڵام پێش ئەوە لە ساڵی ١٩٥٢ مۆلیدەیەکی (دیزل) وزەی بۆ هەندێک کۆڵانی شەقڵاوە دابین دەکردوە.**(کۆسا، ٢٠٢٢: ١٢٦)** لە ساڵی ١٩٧٤ فەرمانگەی ئاسایش لە شەقڵاوە دامەزرا**(بەگ، ٢٠٢١: ٤١٦-٤١٧)**. دوای بوونی بە قەزا بەڕێوەبەرێکیان بۆ بەڕێوە بردنی کارو باری دامەزراندی بنکەی پۆلیس هەروەها لە ١ی تەمموزی ١٩٥٢یەکەم پایەدەر دانا بە ناوی(نوری یەکتا) دانا. لەساڵی ١٩٧٦ شدا شەقڵاوە بوو بە بەریوەبەرایەتی پۆلیس یەکەم بەڕیوەبەریش ناوی (صالح تاهیر)بوو..**(نەجمەدین، ٢٠١٣: ١٤،١٥، کۆسا،٢٠٢٢: ١٢٣).**

لە ساڵی ١٩٧٢ بانکی ڕافیدەین لە شەقڵاوە کرایەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٩ بوو بە بانقی ڕاشیدەین کە بانکی سۆرکی ئیستایە وە هەر لە ساڵی ١٩٧٢ بانکی کشتوکاڵی دامەزرا.**(کۆسا، ٢٠٢٢: ١٢٦).**

ئەمانە ئەوە دەردەخەن، کە شـەقلاوە هەر لە سـەدەی نۆزدەوە ناوەندێکی شـارنشـینی بووە زیاتر لەوەی گوند بووبێت و دامو دەزگا فەرمییەکانی تێدا بووە و ڕۆڵی ســیاســـی و ئیداری خۆی هەبووە، هەروەها شـــارێکی فرە ئاین بووە، کە هەموو ئەمانە کاریگەربوون لە لایەنی سۆسیۆ – سیاسی شەقڵاوە و لە مێژووی ماوە درێژ لە سۆسیۆ- مێژووی شارەکەدا ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەربوون لە دەرکەوتنی ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری شەقڵاوە و هاوکات دەرکەوتنی ژنانی شەقڵاوە لەم بوارانەدا.

- **دووەم مێژووی ڕۆشنبیری و سیاسی شەقڵاوە**

شــەقڵاوە بەهۆی ئەوەی هەر لەدێر زەمانەوە ناوەندێکی کارگێری و سـیاسـی بووە و ناوەندی ناحیە ودواتر قەزا بووە، هەر وەکو لە باسـەکانی پێشـوودا دەرکەوت زیاتر شـارنشـینی بووە لەوی گوندنشـینی بێت هاوکات هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەبووە،ئەمە جگە لەوەی لە رووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە فرە ئاین بووە، بۆیە هەر لە کۆنەوە شـوێنی دەرکەوتنی هونەرمەندان و مامۆستایان ڕۆشنبیران بووە**(سەرتاش،٢٠٢٣: چاوپێ کەوتن).**[4]

ئەگەر لە ڕووی پەروەردەیی و خوێندنەوە بڕوانینە مێژووی شـــەقڵاوە ئەوا دەردەکەوێت هەر لە دێر زەمانەوە شـــەقڵاوە ناوەندی چەندێن قوتابخانەی ئاینی و حوجرەی پێگەیاندنی دەیان مامۆستای ئاینیی و شـاعیر وخوێندەوارانی سـەردەمەکانی پێشتر بووە [5]، هاوکات لە گەڵ دەرکەوتنی خوێندنی فەرمیشـدا لە سـەردەمی عوسـمانیدا لە سـەرەتا ئەو ناوچانە بووە، کە لە باشـوری کوردســـتان دەوڵەتی عوســـمانی خویندنگەی فەرمی تێدا کردۆتەوە، ئەوە بوو لە ســـاڵی ١٨٩٧تورکەکان لەگەڵ مامۆســـتایەکی تورکمان بە ناوی(زوهدی ئەفەندی) قوتابخانەیەکی بچوکیان لە شەقڵاوە کردەوە. **(نەجمەدین،٢٠١٣: ١٦٠-١٦١)**

دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوســـمانی و هاتنە ناوەوەی هێزەکانی بەریتانیا بۆ عێراق و کوردوســـتان هاوکات قوتابخانەیەکی سـەرەتای لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٣ لە شوێنی بنکەی پۆلیسی شەقڵاوەی کۆن لەژێر ناوی (قوتابخانەی شەقڵاوەی یەکەم) کرایەوە و بەڕێوەبەرەکەی خەڵکی ســلێمانی بوو نـاوی (زوهدی) بوو.**(منصـــور،٢٠١٨ : ١٢٠)**، دواتریش لە ســـالی ١٩٢٤ دا قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە شـەقڵاوە کرایەوە و بەڕێوەبەرەکەشی ناوی (شێخ حەسـەن) بوو، دوای ئەویش کەسێکی تر بە ناوی (محەمەد کوردی) کرا بە بەڕێوەبەر جێگای ئاماژەیە شـەقڵاوە لە سـەرەتاوە لەو ناوچانەی باشـوری کوردسـتان، کە قوتابخانەی کچانی تێدا کراوەتەوە، ئەوەبوو یەکەم قوتابخانەی ســـەرەتای کچان لە ســـاڵانی ١٩٣٥-١٩٣٦ دامەزرا، یەکەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکەش (خاتوو حمدیە) بوو **(مەنصور، ٢٠١٨: ١٢١-١٢٢)**، هاوکات لە شـەقڵاوەدا لە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستـەمدا خوێندنی تێکەڵاوکراوەتەوە، کە یەکەم قوتابخانەی ناوەندی تێکەڵاو لە ســـاڵی ١٩٥٢-١٩٥٣ کرایەوە لە شـــەســـتەکانی ئەو ســـەدەیەشـــدا ناوەندی کچان لە شـــەقڵاوە کراوەتەوە، ئەوەبوو یەکەم قوتابخانەی ناوەندی کچان لە ســـاڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ دامەزرا،یەکێکی تر لەو ناوەندە ڕۆشنبیرییانەی کە لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا،لە شەقڵاوە کراوەتەوە کتێبخانەی گشتی بوو، کە لە ســـاڵی ١٩٦٥ کتێبخـانەی گشـــتی لە شـــەقڵاوە کراوەتەوە.**(منصـــور،٢٠١٨ : ١٢٠،محەمەد وئەوانی تر،٢٠٢٢ :٣٩،سەرتاش،٢٠٠٩: ٣٦٠).**

---

[4] زرار عبدڵڵا حەمەد ناسـراوە بە زرار سـەرتاش دەرچووی خانەی ماۆسـتایان لە ١٩٨٠-١٩٨١ز نوسـەر و ڕۆمان نووس لە شـەقڵاوە لەدایک بووە و گەورە بووە.

[5] بڕوانە کۆسای، ٢٠٢٢: ١٣٠-١٣١....

هاوکات بابەتێکی تری رۆشنبیری ئەو سەردەمە بریتی بوو لە راگەیاندنی دەنگی،کە لەو سەردەمەدا رۆڵێکی رۆشنبیری گەورەی هەبوو، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٣٩ بۆ یەکەم جا ڕادیۆ هێنراوەتە شەقڵاوە، کە ڕادیۆکە ڕۆژانە لە کاتژمێر ٦ی ئێوارە بۆ ٩ی شەو بەرنامەی پەخش دەکرد ڕادیۆکە لە قوتابخانەیەک دادەنرا خەڵک هەموو لەوێ بەدەوری کۆ دەبوەوە، دواتریش دەنگ و رەنگ هاتۆتە شارەکە، ئەوە بوو لە دوای ڕادیۆ سینەمای سەفەری لەلایەن ئینگلیزەوە هێنرایە شەقڵاوە، کە پارچە قوماشیکی سپیان لە دیوار دەدا و دەیان کر بە شاشەی سینەما زۆربەی کات لە دیوارەکانی مزگەوت و کەنیسە و قوتابخانە دەدرا **(گۆزێ، ٢٠١٤ :٦٨-٦٩-٧٠).**

لە لایەکی ترەوە بە هۆی ئەو پێگە رۆشنبیرییە لە لایەک وبەهۆی شوێنە جوگرافییەکەیەوە شەقڵاوە لە کۆڕو کۆبوونەوەو سازدانی کۆنگرەکان و کۆنفراسەکاندا ناوچەیەکی بەرچاو بووە، لەم بوارەشدا بۆیەکەمجار گەورەترین کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە ١٠-١٣ مانگی ٩ ی ساڵی ١٩٥٩ لە هاوینە هەواری شەقڵاوە لە جەرگەی کوردستان بەسترا، کە لە ژێر چاودێری (عبدالکریم قاسم بوو) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کۆماری عێراق بوو، لەم کۆنگرەیەدا چەندین لێژنەی کارا لە مامۆستایان و پسپۆران و ئەدیبان زمانزانان پێکهاتن [6] ئەوەی جێگای سەرنجە چیمەن ساڵح لە گۆڤاری دەنگارە باس لەوە دەکات ئەندامی یەکەمینی کۆنگرەی مامۆستایان ژنێکی شەقڵاوەیی بوو بوو بە ناوی(ناهیدە شێخ سەلام)دواتر لە ١٥-١٧ی مانگی ٨ ساڵی١٩٦٠ز دووبارە کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە لە ١٨-٨-١٩٨٠ لێژنەی یەکەمین کۆبوونەوە چەند بریارێکی تایبەت بە خوێندن و پەروەردە دا[7] لە سەرووی هەموویان خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوری لە خوێندنگە کوردیەکان، هەروەها کۆڕێکی ئەدەبی لە شەوی ١١\١٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٩ز لەلایەن مامۆستایان سازدر تێیدا شیعرو ووتار و قسەی خۆش پێشکەش کرا. **(شارەزا،١٩٩٩: ٨-٩).**

**سێیەم : سەرەتاکانی دەرکەوتنی رۆڵی ژنانی شەقڵاوە**

ژنانی شەقڵاوەش وەکو تەواوی ژنانی کورد لەسەردەمانی کۆندا زۆر چالاک و وریا و دەست ڕەنگین بوون شان بەشانی مێردەکانیان، کوڕەکانیان و باوک و براکانیان، لە پەیدا کردنی بژێوی ژیان و گوزەرانیان ڕۆڵیان هەبووە، ئەوان لە پاڵ بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێو کردنی منداڵ لە کاری دەرەوەش دا درێغیان نەکردووە کاری ئەوان زۆر قورستر بوو لە پیاوەکان، چونکە پیاوەکان تەنها کاری دەرەوەیان دەکرد، بەڵام ئافرەتان چەندان قورسیان لە ئەستۆ بوو لەگەڵ ئەوەش ژنانی شەقڵاوە زۆر سەربەست بوون لە ئیش و کار هیچ جۆرە ڕێگریەکیان لەلایەن باوک و براو مێرد لێ نەدەکرا بەڵکو شانازیان پێوە دەکردن. **(خۆشناو،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

ژنان لەپاڵ کاری ماڵ و نان کردن و چێشت لێنان چوون بۆ سەر کانیەکانی شەقڵاوە بۆ جل شۆردن و خۆ شۆردن و قاپ شۆردن و هێنانی ئاو بۆ چێشت لێنان و خواردنەوە هەروەها بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان چەندین کاری جۆراوجۆریان ئەنجام داوە وەکو (دەستاڕ کردن بۆ هاڕاکردنی گەنم و دانەوێڵەی تر هەروەها بەخیو کردنی ئاژەڵ و دۆشینیان و دروست کردنی بەرهەمە شیرەمەنیەکان و فرۆشتنیان هاوکات کاری ڕستن و چنین و تەشی رستنیان کردووە بۆ دروست کردنی جل و بەرگی ماڵ و منداڵیان، دروست کردنی مافور و دۆخین و لیفک و ئەمە جگە لەوەی دار و سوتەمەنی بۆ چێشت لێنان و دروست کردنی خواردن هەر ئەوان کردوویانە، هەروەها کۆکردنەوەی گژوگیا بۆ بەخێو کردنی مەڕ و ماڵاتیان و بەخێو کردنی پەلەوەر لە ماڵەکانی خۆیان، دروست کردنی نانە قەیسی و رووبە هەنار (سرکە) دۆشاو و دۆشاوی تەماتە و هەروەها دوورمان کردن بۆ خەلکی و بۆ خۆیان و چەندین کاری تر (لەسەردەمی کۆن لە شەقڵاوە هەموو ئافرەتێک هەموو کارێکی دەزانی بە بێ بوونی هیچ ئامێرێک و مەکینەیەک. **(عزیز،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن،سەرتاش،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

جگە لەمانەی باسکران هاوکات بە هۆی پێگە ئیداری و رۆشنبیرییەکەیەوە، لە شەقڵاوە چەندین ئافرەت لە بواری خوێندندا دەرکەوتوون و چەندەها ئافرەتی مامۆستا و دکتۆر هەبووە، کە لەنێویاندا ژنانێک هەبوون لە بواری سیاسی و رۆشنبیریدا کاریان کردووە، لەوانە دکتۆرە سامیە شاکر، کە لەشەقڵاوە لە دایک بووە و خوێندوویەتی ماوەیەک لە شەقڵاوە مامۆستای سەرەتای بووە دواتر بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانە ماوەیەک دوای ئەوە دەستی بە نوسین کردوە و پەیڕەو پرۆگرامی مارکسییەت و نوسینی چەپەکانی دەخوێندەوە، دکتۆرە سامیە لە ساڵی ١٩٥٨ بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة –کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتانی عێراق) لە بەغدا بەسترا کردووە، کە دواتر عبدالکریم قاسم لە وتارێکدا لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٦٠ ناوی (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة –کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتانی عێراق) گۆری بۆ (رابطە عن حقوق المراە –کۆمەڵەی لە مافی ئافرەتانی عێراق) کە تا ئێستا کارو چاڵکیەکانیان و خەباتەکانیان بەردەوامە **(کۆلونتای، ٢٠١٨: ٩)**، شایەنی ئاماژە پێکردنە، کە د.سامیە یەکەم کچ بووە لە تەمەنی منداڵی لە تەمەنی ١١ ساڵی بەشداری

6 بۆ زانینی ناوی لێژنەکان بروانە شارەزا، ١٩٩٩ :٨-٩

7 بروانە شارەزا،١٩٩٩: ٩-١٠بۆ زانیاری زیاتری بریارەکانی لێژنە یەکە کۆبوونەوە.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خۆپیشادانەکانی دژی ڕژێمی مەلەکی لە شەقڵاوە کردووە کە لەم تەمەنە چەند ڕۆژێک بەند کراوە. یەکەم کچ بوو توانیویەتی لە سەرەتاکانی پەنجاکان لە شەقڵاوە ووتاری نەورۆز بخوێنێتەوە.

دواتر بووە بە ئەندامی (پارتی کۆمونیستی عێراق) هەروەها (ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری پارێزگای هەولێر و بەرپرسی ڕێکخراوی ئافرەتان بووە)هاوکات بەشداری لە یەکەمین و دووەمین و سیهەمینی کۆنفڕاسی لقی کوردستانی (حزبی شیوعی عێراقی) کردووە لە کۆنفڕاسی سێیەم لە ساڵی ١٩٦٧ بەسترا ناوی لقی کوردستان کرا بە (هەرێمی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراقی) لەم کۆنفڕاسە هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی لیژنەی هەرێم **(سادق، ٢٠١٩: ٢١)**. هەروەها بەژداری لە یەکەمین کۆنگرەی هەرێمی حیزبی شیوعی کردووە کە لە ساڵی ١٩٦٩ بەسترا. جێگای باسە لە ساڵی ١٩٧٣ دا دکتۆرە سامیە کۆمەڵە شیعرێکی بە ناوی (بیری چەسپاو)چاپ کردووە شانازی بە یەکسانی ژن و پیاو مافی لاوان و مافی کرێکاران و جوتیاران دەکرد لەگەڵ کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراقی لقی هەولێر کاری بۆ وشیار کردنەوەی ئافرەت کردوە. **(کۆلونتای، ٢٠١٨: ٩،١٠)**.

دکتۆرە درەخشان علی عبدالقادر[8]، یەکێکی تربووە لە ژنە چالاکەکانی شەقڵاوە، ئەو لە ساڵی ١٩٧٠ لە پۆلی شەشەمی دوا ناوەندی چۆتە ناو(منضمة اتحاد طلاب العام) ی سەر بە حیزبی شیوعی، هەروەها فایزە ئەحمەد محەمەد، کە بە پلکە فایزە ناسراوە [9]، ژنێکی تری چالاکی ئەو کاتەی شەقڵاوە بووە, لە تەمەنی١٦ ساڵی لە ١٩٥٨ دوای ڕووخانی نوری سەعید پەیوەندی بە مافی ئافرەتان (رابیتەی حیزبی شیوعی) کردووە، جگە لەوی کاتەدا چەند ژنێکی تری شەقڵاوەی لە گەڵدا بوون لەوانە (خەجیج خانی خالید بەگ ,فاتمە حەمەدێ خانمێ, حەلیمی مام جەلال, ئامینەی مام مەلا, مراری قادر,عیشێ تەها, سارا تەها)، کە ئەوانیش ئەندام بوون لە ڕابیتە، پلکە فایزە دەڵێت ژنانی شەقڵاوە بە هاوبەشی کارمان کردووە لەگەڵ ژنانی شارەکانی تر بەتایبەتی ژنانی (کەرکوك و ڕەواندز). **(عبدالقادر، ٢٠٢٣ :چاوپێکەوتن)**.

حیات دنحا فرنسي صليوة ناسراوە بە ستەرە حیات [10]، کە دواتر لە پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و لە کاتی ڕاپەڕیندا وەکو پەرستارێک ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە دەڵێت (لە مانگی ئایاری ساڵ١٩٦٦) لە شەڕی هەندرێن هەموو شەوێك بە نهێنی دەڕۆیشتمە ماڵان بۆ تیمار کردن و یارمەتی دانی پێشمەرگە. **(صليوة،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

**چوارەم : تیپی مۆسیقای سەفین لە شەقڵاوە و پێگەی ژنان تێیدا**

پێش دامەزراندی تیپی مۆسیقای سەفین لە شەقڵاوە چالاکی و جموجۆڵە هونەرییەکان زیاتر لە قوتابخانەکاندا ئەنجامدراون و لەم ڕووەوە ژنانیش ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بەڵام بە دامەزراندنی ئەم تیپە ڕەوشی هونەری لە شەقڵاوە بە شێوەیەکی گشتی، وەرچەرخانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە هاوکات دەرکەوتنی ڕۆڵی ئافرەتیش لەم بووارانەدا هەنگاوی باشی ناوە، تیپی مۆسیقای سەفین یەکەم تیپ بوو لە شەقڵاوە و دەوروبەری، کە وەکو تیپێکی یەکگرتوو دڵسۆزی هونەر لە ناوچەکەدا دامەزرا، کە تیپێکی هونەری بوو زیاتر لە ٤٠ ژن و کچ ئەندامی ئەم تیپە بوون، پاش چەندین کۆبوونەوەی جۆراو جۆر لە نێوان هونەرمەندانی شەقڵاوە ئەوەبوو لە کۆبوونەوەی ٥-٧-١٩٦٨ز ئەم تیپە لە شەقڵاوە لەلایەن (فەرەیدوون دارتاش) سەرەڕای سەختی بژێوی ژیان و خەراپی بارودۆخی سیاسی و ئابووری شارەکە درامەزرا، لەم تیپەدا چەندەها ئەندامی چالاکی تێدابوو، کە بە چەند ئامێرێکی مۆسقا و ژەنین مەشقی هونەری بە ئەندامەکانی ئەم تیپە کردووە **(سەرتاش، ٢٠٠٩: ٣٤٨،٣٥٠)**، ئەم تیپە ڕاستەوخۆ دوای دامەزراندی دەستیکرد بە چاڵاکی هونەری و چەندین لێژنەی وەکو لێژنەی مۆسیقا و شانۆ و هەڵپەرکێ و چەندین لێژنەی تری هونەری هەبوو دواتر بووە بە هەوێنی لە دایک بوونی چەندین کاری ڕۆشنبیر و هونەری لە شەقڵاوە وەکو دروست بوونی(تیپی شانۆی سەفین)کە هونەرمەندانی شەقڵاوە هەمیشە ڕۆلیان هەبووە لە دروست کردنی تیپی شانۆ بۆ خزمەت کردنی هونەری لەهەموو بۆنەو ئاهەنگە نەتەوەیەکان.لە تیپی مۆسیقای سەفیندا ئەندامەکانی خۆیان فێری ژەنینی ئامێرەکانی مۆسیقا کردووە هەروەها هەموو بەشەکانی هەڵپەرکێ و مۆسیقا ژەنین و شانۆی تێدابووە.**.(نەجمەدین، ٢٠١٣ :١٦٢)**.

شایانی باسە تیپی مۆسیقای سەفین چەندین گۆرانی بێژی بە توانای تێدابوو[11] لە ناویشیان گۆرانی بێژی ئافرەت هەبوون لەوانە (لیالا مستەفا، نێرگز بیا الیا)، ئەم تیپە ئەندامی کۆرسی هەبوو، کە ئەندامی کۆرس بەشی زۆریشیان ئافرەت بوون لەوانە(شلێر عبدڵلا، سەعدیە حەمدی، ڕوناک ڕەسوڵگوڵزار سالح،دیمەن مورشید، شەوقیە عزیز، پەخشان حەمید،پەرژین

8. دکتۆرە درەخشان علی عبدالقادر لە شەقڵاوە لەساڵی 1952 دایك بووە, ئێستا مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی سەلاحەدین

9 فایزە ئەحمەد محەمەد، کە بە پلکە فایزە ناسراوە، ژنێکی چالاکی ئەو کاتەی شەقڵاوە بووە، کەلە ساڵی ١٩٥٧ لە تەمەنی ١٦ ساڵی هاتۆتە شەقڵاوە ئێستا لە شەقڵاوە ئەژی. فایزە ئەحمەد 22 ساڵ حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی کردووە سەرەڕای نەخوێنەواری 3 خلیەی بەڕێوە بردووە هەتا ناو داخلی شەقڵاوە دواتر لە شاخ لە پاڵ چاڵاکیەکان خزمەت کردنی پێشمەرگەو نان کردن بۆیان و ئەرکی بەخێو کردنی منداڵەکانیشی لەسەر بووە.**( فایزە ئەحمەد محەمەد،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**

10 ستەرە حیات لە ساڵی 1939 لە شەقڵاوە لە دایك بووە هەر لە شەقڵاوە گەورە بووە کاری کردووە , ئێستاش لە شەقڵاوە دا ئەنیشێ. لە ساڵی 1955 لە نەخۆشخانەی شەقڵاوە بووە بە ستەر ودەستی بە ئیش کردووە.**(حیات دنحا فرنسی،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**

11 بۆ زانینی تەواوی ناوی گۆرانی بێژ و ئەندامانی کۆرسی تیپەکە بڕوانە کتێبەکەی (ئاغا بەگ، ساڵەکەی : ٢٤٤-٢٤٨)

حەمید،شەوقیە عزیز، ئەدیبە وەستا مستەفا، شکریە مستەفا وسوو، صبریە مستەفا وسوو، سوهام عەبدڵا،زبیر ئاغا،لیلا مستەفا،خدیجە قادر، ڕووپاک برایم میر، غەمگین ڕەشید بندیان، نسرین حسین وسوو، پەخشان حەمەدەمین)، ئەمانە ئەندامی زۆر گرنگ و چالاکی تیپەکە بوون، بۆ تیپی هەڵپەرکێش هەر ئەمانە بوون.(**عبدالرحمن،٣٠:١٩٩٩، سەرتاش، ٢٠٠٩: ٣٤٩،٣٥١**).

یەکەمین چالاکی ئەم تیپە لە یادی ١٦ ئاب بوو لە هیران ئاهانگیان گێرا، جێگای باسە چالاکیەکانی ئەم تیپە تا ساڵی ١٩٧٠ زۆر زۆر بەرەو پێش چوو، و لە ١١ی ئازاری ١٩٧٠ وەکو هەموو کاتێک چالاکی تایبەتی هەبوو لە ماوەی ١٩٧٠تا ١٩٧٤ ئەم تیپە زۆرترین چالاکی هەبوو جا لە هەر بۆنەو ئاهەنگێک بووایە بە تایبەت بۆنە نەتەوەیەکان لەم ماوەیە نەک بە تەنها لە شەقڵاوە بەڵکو لە سەرانسەری کوردستان زۆرترین بۆنەو ئاهانگی مۆسیقا و شانۆ و گۆرانیان سازدا پلیتەکانی ئاهەنگی تیپی مۆسیقای بەرنەدەکەوتن ئاهەنگەکانی ئەم تیپە لە هەر شارێک بووە خەڵک بۆی ئەچوو بۆیە ئەم ماوەیەی تیپی مۆسیقای سەفین بە ماوەی زێرین دادەنرێت لەڕووی ماددی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان یارمەتی دەدرا. لەم ماوەیە تیپی مۆیسقای سەفین چەند گۆرانیەکیان لەسەر ئاستی کوردستان تۆمار کرد و بڵاویان کردەوە لەوانە(نەگوڵ نە ڕیحانە بۆن خۆش و جوانە، تێکەتێکە،کودرێکم پێشمەرگە من ڕۆڵەی ئەم خاکە....هتد) لە گۆرانی بێژە کچەکانی ئە تیپە(نێرگز بیکۆ،لەیلا قاسم).(**عبدالرحمن،٣٠:١٩٩٩، خۆشناو،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن،بەگ،٢٠٢٣ :٢٤٤-٢٤٥**).

لەساڵی ١٩٧٢ لەلایەن بارزانی لە ئاهەنگەکەی مەکتەبی سیاسی یەک یەکە خەڵاتی ئەندامانی ئەم تیپە کراو ئەم تیپە بەشێوەیەک بەرەو پیش چوو تا ساڵ١٩٧٤ هونەرمەندانی ئەم تیپە بە هەممووو کوردستان ناسێندرا.ساڵانە چەندان ئەندام بۆ تیپە زیاد ئەبوو نەوەیەکی نوێ نوێ لە لە دونیای هونەر پێئەگەیشت هەر لەسەردەمی تیپی مۆسقای سەفین (ئازاد مجید عومەر) وەک میوزیک زانێک سەری هەڵدا کە ئێستا ئاوازدانەر و مامۆستای مۆسیقایە.(**بەگ، ٢٠٢٣: ٢٤٨، عبدالرحمن،٣٠:١٩٩٩**).

پاش هەڵگیرساندی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ ئەم تیپە بوونی نەما، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٦ز دووبارە لەلایەن چەندین هونەرمەندی بە تواناى شارەکە توانیان دووبارە چەندین گەنجی بە توانا بهێنەوە ناو بواری هونەری تیپەکە بکەوێتە کار، بەڵام دواتر تیپەکە بەهۆی باری نائاسای سیاسی شەقڵاوەوە چەندین جار کز ئەبوو یان هەندێک لە ئەندامەکانی بە هۆکاری سیاسی لەلایە ڕژێمی بەعس دەستگیر دەکران لەوانە (حەمید قەساب) کە یەکەم ئاواز دانەر ی یەکەم گۆرانی ناو تیپەکە بوو دوای دەستگیر کردن و ئازاد بوونی لە زیندانی سیاسی بەهۆی ئەشکەنجەی زیندانەوە مەیلی لە هونەر نەما و دورکەوتەوە لە تیپەکە، بەڵام لەگەڵ هەر ساردبونەوەیەکدا دووبارە نوێ دەبوویەوە تا لەکۆتای بەهۆی شەڕی ناوخۆییەوە بە یەکجاری وەستا(**محەمەد و ئەوانی تر، ٦٠:٢٠٢٢، عبدالرحمن،٣٠:١٩٩٩، سەرتاش،٢٠٠٩: ٣٥٠-٣٥١-٣٥٢، بەگ، ٢٠٢٣: ٢٤٨**).

**پێنجەم : ژنانی شەقڵاوە لە ڕووداو و خۆپیشاندانەکانی ساڵانی هەشتاکان تا ڕاپەڕینی ١٩٩١.**

هەروەکو روون بۆوە،کە خەباتی ژن لە شەقڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی سەدەی بیستەم و لەوێوە وەکو باسکرا چەند ژنێک لە مەیدانی سیاسی و خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی دژ بە حکومەتەکانی عیراق دەرکەوتوون، کەجگە لەاونی ئاماژەیان پێکرا هاوکات هەندێکی تریش هەبوو لە گرنگترینان (خەجیج خان, فاتە هەڵۆ, زەخۆك , حەلیمە عەیشێ تەها, خەجیە حەمەد, پلکە فایزە , حیاتی سستەری مەسیحی)، بوون، کە دواتر هەر بەشێک لەمان و دواجار هەندێک ژنی تری تازە پێگەیشتوو جارێکی تر لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا و دوای ئەوەی حکومەتی بەعسی بە توندی کەوتە چەوساندنەوەی کورد و پیادەکردنی سیاسەتی قڕکردن لە بەرامبەر کورددا، دەرکەوتنەوە، ئەوە بوو جارێکی تر لە هەشتاکاندا خەباتی سیاسی و چەکداری کورد لە باشوری کوردستان لە دژی ئەو سیاسەتەی حکومەتی بەعسدا پەرەی سەندەوە و لەم سۆنگەیەشەو لە تەواوی شارو شارۆچکەکاندا دەست بە چالاکی جۆراوجۆرکرا،کە شەقڵاوەش لە لایەک بە هۆی شوێنە جوگرافییەکەیەوە ولە لایەکی تر بە هۆی پێگە ڕۆشنبیرییەکیەوە و هاوکات بە هۆی هەستیاری ناوچەکەوە لەم سۆنگەیەوە یەکێک بوو لە ناوچە پڕ چالاکی و جۆش وخرۆشەکانی دژ بە حکومەتی بەعس و لەم نێوەندەشدا چەندین ڕووداوی مێژوویی و خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین بە درێژایی هەشتاکان تا کاتی ڕاپەڕینی ١٩٩١ دا روویان دا، زرار سەرتاش لەمبارەیەوە دەڵێت: شەقڵاوە پێش ڕاپەڕین شوێنی جوگرافیکەی وەکو ئێستا ژینگەکەی نەشێوێنرابوو, شوێنێك بوو پڕ لە دار و باغ و باغات شەقڵاوە جگە لە شوێنی جوگرافیکەی لانکەی شۆڕش بووە , هەموو کات تا پێش ڕاپەڕین هەرگیز ئەم شارە بەبێ مەفرەزەی پێشمەرگە نەبووە شەو و ڕۆژ مەفرەزەی هەموو لایەنە سیاسی و حیزبیەکانی وەکو(یەکێتی, پارتی, شیوعی, ئاڵای شۆڕش) لەو شارە بوونیان هەبووە(**٢٠٢٣: چاوپێکەوتن**).

ئەوەی جێگای سەرنج و باسکردنە ئەوەیە کە لە زۆربەی ئەو ڕووداوانەدا ژنی شەقڵاوە هەمیشە ڕۆڵی بەرچاویان تێیاندا هەبووە وپێکهاتە وبزوێنەری سەرەکی بوون لەو ڕووداوانەدا لەم بارەیەوە (هاوبەش عزیز مستەفا) دەڵێت ڕۆڵی ژن پێش

ڕاپەڕین بەوجۆرە بوو، کە هەمیشە ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و گردبوونەوانەی پێش ڕاپەڕین لە شەقڵاوە ئەنجام دەدران، ژن پێگەی خۆی دیار بووە، دەیان ژن بەژداری خۆپیشاندانەکانیان کردووە لەسەر پێ وەستاون نەك لە پشتەوە بن و چاوەڕێ بکەن.تەنانەت هەندێك ژن پێشەنگ بوون لە بەشداری کرن لە خۆپیشاندانەکان بەمجۆرەش لە ساڵانی هەشتاکان دووبارە ئافرەت بەشدار بوو لە ڕێکخستنی حیزبیەکان خۆپیشاندانی هەشتاکان وەك خۆپیشاندانی١٩٨٧،١٩٨٣،١٩٨٢ . **(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم خۆپیشاندانی ساڵی ١٩٨٢ بوو، کە خەڵکی شەقڵاوە وەکو ناوچەکانی تری کوردستان دژ بە حکومەتی بەعس ئەنجامیاندا و دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی بوو، لە راستیدا لەم خۆپیشاندانەدا ژن ڕۆڵیکی سەرەکی بینیوە هەروەکو نیشتیمان مورشید سالح [12]، کە بەشداربوویەکی ڕووداوەکەیە دەڵێت:لە بەیانی ٩-٥-١٩٨٢ز لە دژی ڕژێمی بەعس لەلایەن خەڵکی شەقڵاوە خۆپیشاندان ئەنجام درا کە ژن و پیاو منداڵ و پیر و ئیسلام ومەسیحەکان بەژداریان تێدا کرد ئەو ژنانەی لە خۆپیشاندانەکە بەژداریان کردبوو(من و ژیان قادر گۆزێ، نەمام حەمە زوبێر، نەرمین حەمید، کەژێ،بەهار مەلا گچکەو چەند ژنێکی تریش بوون)، خۆپیشاندانەکە لای مەکتەبی کاوێس دەستی پێکرد بە هوتافی (بڕوخێ سەدام، بژی هێزی پێشمەرگە) کە هەموو حیزبەکان لە خۆپیشاندانە بە یەکگرتوی ئیشمان ئەکرد، کاتی خۆپیشاندانەکە هێزەکانی بەعس هاتن بە سەیارە دەوریاندابن هەندێک لە خۆپیشاندەران لەسەر تانۆکەکانی شەقلاوە خۆیان فڕێدا و ڕزگاریان بوو هەندێکی تریش لەلایەن ئەفسەرێکی زاڵمی بەعس بە ناوی (حەمید) دەستگیر کران، کە لەناویان چەند ئافرەتێکی تێدا بوو لەوانە (من، شەرمین حمید کەژێ) حەمیدی ئەفسەر هەر لە شوێنی خۆپیشاندانەکەوە تا ناو سەیارەکە بە قژ ڕایکێشاین. سەرەڕای ئەمەش ئێمە هەر دەمان گوت بڕوخێ صەدام، نیشتیمان مورشید دەڵێت: لەم کاتە بەردێکی زۆر گەورەم پێبوو دام لە دەستی حەمیدی ئەمن، لە درێژەی گێرانەوکیشیدا گوتی لە ناو زیندان ئەزیەتی زۆر دراین شتی زۆر ناشرین بەرامبەرمان دەکرا، پێیان دەگوتین ئەگەر ئیعتراف نەکەن بە سەروخوار هەڵتان دەواسین، بەڵام هیچمان نەدرکاند، لە درێژەی قسەکانیشیدا گوتی حمیدی ئەمن لە ژوورێکی تەنها زۆر زۆری لێدام زۆر شتی ناشرینی بەرامبەر کردم ئەو شەوەی لە سجن بووین پیشمەرگە هاتە ناو شار و گوێمان لە تەقەیەکی زۆر بوو ئیتر بەهۆی لێبووردنێکی گشتی ئازاد کراین پێش ئازاد کردن سوکایەتی زۆریان پێکردین، ئەوەبوو بەهۆی بەژداری کردنمان لە خۆپیشاندانەکە و دەست گیر کردنمان فەرمان لە کار دوورخستنەوە بۆ چەند کەسێک دەرچوو لەوانە (خۆم و ڕوناک محەمەد، ژیان قادر گۆزێ). **(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

ڕووناک ئەحمەد بەکر، کە ژنێکی تری شەقڵاوەیە و بەشداربووەیەکی خۆپیشاندانەکەیە دەربارەی خۆپیشاندانەکە گوتی لەگەڵ قوتابخانەی کچان بەژداریم کرد هەروەها قوتابخانەی کاوێسی کچانیش بەشدار بوون لەم خۆپیشاندانە گرنگترین شتی ئەم خۆپیشاندانە کەس گوێی بەوە نەئەدا کێ یەکێتی کێ پارتی هەموو بەیەکەوە تەنها لە پێناو کوردایەتی دژی ڕژێمی بەعس خۆپیشاندانەکە کرا هەروەها ئەڵێ من لە سەرمەیدان تا شەقڵاوە بەشداریم کرد بەڵام دواتر باوکم ڕێگەی لێگرتم نەیهێشت بەردەوام بم و گرنگترین ئەو ژنانەی بەشدار بوون (نیشتیمان مورشید،کەژاڵ،نیهاد خزر عید خێزانی شەهیدڕێباز)، لەناویشیان چەند ژنێک گیران، هەروەها ئەڵێ لەبەر ئەوەی داوایان لیکردم ببم بە بەعسی نەبووم لە زانکۆ وەرنەگیرام **(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

جێگای باسە لە زۆربەی سەرچاوەکان و زۆربەی چاوپێکەوتنەکان باس لەوە دەکرێت لە ساڵی ١٩٨٣ خۆپیشاندانێک دژی ڕژێمە بەعس لە شەقڵاوە کراوە بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەک باس لە چۆنیەی دەست پێکردن و وردەکاری خۆپیشاندانەکە نەکراوە.

یەکێکی تر لە ڕووداوە گرنگەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە شەقڵاوە خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٨٧ بوو، کە دواجار کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە وحکومەتی عێراقی دەستیکرد بە ڕەشبگیری و کۆمەڵکوژی ئەنجامدا، لە ڕۆژی ٢٢-٥-١٩٧٨دا لە پێناو هاتنە دی ئازادی و بە دەست هێنانی مافە سەرەتایەکان و دژی سیاسەتی حکومەتی بەعس و دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دۆڵی خۆشناوەتی خۆپیشاندانێکی گەورە لە قەزای شەقڵاوە کرا، هەموو جەماوەری شەقڵاوە بە موسڵمان و مەسیحیەکان منداڵ و گەنج و پیر و ژن و پیاو هەموو حیزبەکان بێ جیاوازی بەژداریان کرد. ئەوەی جێگای ئاماژەیە شەوێک پێش ڕاپەڕینەکە هێزی پێشمەرگە لە پێشمەرگەکانی (حیزبی شیوعی عێراقی و ئاڵای شۆڕش) ناو شەقڵاوە خەڵکیان ئامادە دەکرد و هانیان دەدان، بە ڕۆژی ڕووناک لە ناو کوچەو کۆڵانەکانی شارەکە دەگەڕان، یەکەم هەنگاویان بە تەقاندنەوەی ترێلەیەکی گەورە دەستی پێ کرد،کە پڕ بوو لە گوللە و تەقەمەنی قورس،کە بۆ شەڕی ئێران- عێراق ئامادە کرابوو، قوتابیانی شەقڵاوە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەم هەنگاوەدا، بەمەش زیانێکی باشیان لە حکومەت وەشاند، بۆ چەند ڕۆژێک دوای ئەوە

---

12 نیشتیمان مورشید سالح لەژنێکی پێشمەرگەی شەقڵاوەیە لە ساڵی ١٩٦٤ لە شەقڵاوە لە دایک بووە لە ساڵی ١٩٨١ تەنزیمی یەکێتی بووە لە خۆپیشاندانەکانی شەقڵاوە دەورێکی باڵی هەبووە چەندین جار لەلایەن ڕژێمی بەعس دەست گیر کراوە، ئێستا ئەندام پەرلەمانی یەکێتیە.**(نیشتمان موڕشید سالح،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**

هەموو کۆڵانەکان لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە دابوون،هەر بۆیە صەدام لە بۆنە و ئاهەنگەکان ئەم شارەی بە (مقبرة الشهدة) ناو دەبرد بە دوای تۆڵەیەکی باش دەگەرا، ئەوەبوو لە ١٥-١٠-١٩٨٧ حکومەتی بەعس بۆ تۆڵە کردنەوە لە جەماوەری شـــەقڵاوە لە ژێر ناونیشانی سەرژمێری و ئامار چوونە دەرەوەی قەدەغە کرد و چەند هێزێکی لە (لیواکان و فەوجەکان و مەفرەزەی ئەمن و چەند جاشـــێک)هێنان بۆ گرتنی ئەو ناوانەی لە ڕاپەرینەکە بەشـــدار بوون ئەوە بوو لە بەرەبەیانی ١٦-١٠-١٩٨٧ز تا ئێوارە نزیکەی ١٥٠ کەس لە پیاو ژن و منداڵ و گەنج لە خەڵکی ســـێڤیلی شـــارەکە دەســـتگیرکران، کە چەندین ژنی تێدا بوو لەوانە (نەجیبە خالید،فەخریە مستەفا) وچەندانی تر، لە زیندان بەشـێوازێکی توند و تیژ لێکۆڵینەوە دەسـت پێکرا کە سـێ کەس لەژێر ئەشـکەنجە و توند وتیژی گیانیان لە دەسـت دا ئەوە بوو ١٤-١١-١٩٨٧ز لە لایەن (علی حسن مجید) بریاردرا بە ئازاد کردنی هەندێکیان ڕۆژی دواتر و شـەهید کردنی ٢٣ کەس وە تەرمەکانیان بە گۆری بە کۆمەڵ ناشتن،[13] بەڵام لە شـوێنێکی بێ سـەرو شـوێن لە هەمان ڕۆژ پارەی ئەو فیشـەکەی کە پێیان شـەهید کردبوو لە خێزانەکایان وەرگرتنەوە بە هەموو جۆرێکیش پرسـەیان قەدەغە کرد ئەوەی جێگای داخە لە نێو ئەو شـەهیدانە ماڵ هەبوو ٤ کەسـی تیا بوو هەبوو دوو برا مام و برازا یان باوک و کوڕ بوون حکومەتی بەعس هەر بەمەش نەوەستا هەسات بە بە تەقاندنەوەی ماڵی پێشمەرگەکان و ٢٣ شەهیدەکە دەیان ماڵی تەقاندەوە لەناویشـــیان ئافرەتێک (چیمەن مورشـــید) ە ناو ماڵە تەقیوەکەی خۆی شـــەهید بوو..**(عوســـمان٢٠١١: ٣٩، ٣٢، ٣١، ٣٠، خالید،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن، عبدالقادر٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

لەم خۆپیشـــاندانە ئافرەت ڕۆڵی گرنگی هەبوو هەروەک دکتۆرە درەخشـــان علی عبدالقادر کە خۆی ســـەرپەرشـــتی خۆپیشاندانەکە بووە لەو کاتەدا لە قوتابخانەیەکی دوا ناوەندی کچان مامۆستا بووە هەموو قوتابیەکانیشی بەشداری خۆپیشاندانیان کردووە **(عزیز٢٠٢٣:چاوپێکەوتن، ســـەرتاش٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**, تەنانەت هەندێکیان گیراون دواتریش لەبەر ئەوەی ژنێکی چالاکی نێو خۆپیشاندانەکە بووە فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچووە، بۆیە بە ناچاری بە منداڵی بچووکەوە هەڵات چووە شـاخ و 8 مانگ لە شـاخ مایەوە دواتر چۆتە ئێران لە ئۆردووگا ماوەتەوە لەبەر خەراپی باروو دۆخیان لە ئۆردووگاوە بە قاچاخ چۆتە پاکستان[14].دواتر چۆتە ئەوروپا , لە دەرەوەش بەردەوام چالاکی ئەنجام داوە، لەوانەش سکاڵاکردن لەسەر کۆمەلکوژییەکەی ساڵی ١٩٨٧ ی شەقڵاوە لە (ئەفو دەوەلی)**(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

مەجید خۆشـــناو کوڕی فاتە هەلۆ،کە دایکی بەشـــداربوویەکی چالاکی ناو خۆپیشـــاندانەکە بووە لە بارەی خۆپیشـــاندانەکە دەڵێت:فاتە هەلۆ ئافرەتێکی یاسـاغ بووبوو لە حکومەتی بەعس بیان گرتایە لە سـێدارەیان دەدا , تەنانەت لە سـاڵی ١٩٨٧ دا، ٢٤ ئافرەت بە ناوی(فاتمە) گیران تا بزانن خۆیەتی یان نا،بەڵام دەست گیر نەکرا , هەر لەو سـاڵەدا جارێك جەیش دەوری ماڵیان دا بەڵام بە نـاو کۆڵانەکـانی شـــەقڵاوە هەڵهـات و نـایـانتوانی بیگرن.**(٢٠٢٣: چـاوپێکەوتن)**، لەم رووەشـــەوە پلکە فـایزە کە بەشداربوویەکی خۆپیشاندانەکە بووە، گوتی لە ڕاپەرینەکەی مانگی ٥ ساڵی ١٩٨٧ لە بەر چاڵاکی و هاوکاری کردنی پێشمەرگە (من و فاتە هەلۆ و کچەکانی فاتە هەلۆ, خەجیج خان و ست درەخشـان) فەرمانی گرتنمان بۆ دەرچوو. هەروەها بە نهێنی کەل و پەل و چەکمان بۆ پێشمەرگە کۆ دەکردەوە بە شەو ئەهاتن ئەیان برد. کوڕەکانی خۆشم لەم سەردەمە پێشمەرگە بوونە ناوی من و کوڕەکانم لەم ٢٣ کەسە بوون ئەمری لە سێدارەدانین بۆ دەرچوو لە شەقڵاوە، کوڕێکم شەهید بوو دوو کوڕیشم لێ دەرچوو بوون بە پێشمەرگە٥٠ هەزاریان دانابوو بۆ ئەو کەسەی من بگرێ بۆیە بە نهێنی چووم بۆ شاخ گرنگترین ئەو ژنانەی لە شاخ لە گەڵم بوون(ڤیان خان , درەخشان خان, فاتە هەلۆ) .**(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**

نەجیبە خالید عومەر یەکێک بوو لە زیندانیەکانی،کە لەو شـاڵاوەدا دەسـتگیرکراوە، ئەو سـەرەرای بەشـداری نەکردنی لە خۆپیشاندانەکە، بەڵام دەستگیرکراوە و بۆ ماوەیە مانگێک لە زیندان بوو لەگەڵ ١٥٠ کەسەکەی خەڵکی شەقڵاوەکە ئەو دەڵێت لە دوای رووداوەکە هێزەکانی حکومەت ماڵ بە ماڵ دەگەران و ناویان پێ بوو دەیانگرتن ئەوەبوو هاتنە ماڵی ئێمە و ناوی منیان پێ بوو، لەوێ ناوی منیان خوێندەوە و ئیتر گوتیان لە گەڵ خۆمان دەتبەین من زۆر گوتم ئاگام لە هیچ نەبووە و بەشـدار نەبووم بەڵام هەر بردیانم، ئەوەبوو باوکم گوتی منیش دێم، ئەوەبوو لە گەڵمدا هات و بردیانین لەوێ ژمارەیەکی زۆر خەلکی لێبوون سـواری سـەیارەیان کردین و بردیانین بۆ هەولێر، لەوێ باوکمیش خرایە ناو سـەیارەکەوە،بەڵام من گوتم ناوی ئەوی تێدا نییە، بۆیە ئەویان دابەزاند ئافرەتێکی ترمان بە ناوی(فەخریە مستەفا) لە گەڵ بوو ئەو دەڵێت لەو ماوەیەدا لە زیندان بووم چەندین جار ئازار و ئەشـکەنجە دراین تەنانەت کارەبایان لە دەم لێوم دەدا و خواردنی خراپمان پێ دەدرا و شـوێنی نووسـتنمان زۆر خراپ

13 دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ بەرەی کوردسـتانی لە ١٦-٩-١٩٩١ز بە کەرنەڤاڵێکی شـایسـتە تەرمی ٢٣ شـەهیدەکەی هێنایەوە گۆرسـتانێکی تایبەتی بۆ دروست کردن بەبێ جیاوازی مەسیحی موسوڵمان ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی ڕۆشنبیری و تەبای شارەکە نیشان ئەدا لە نزیک گۆرستانی زەیتونە کە ئێستا بە گۆرستانی ٢٣ شەهیدەکە بە ناو بانگە.

14 لە پاکستا لەوێش لە پاڵ کاری وەرگێری هاوکاری ئەو کوردانەی ئەکرد کە بە کۆمەڵ لە ترسی ڕژێمی بەعس ئەهاتن بۆ ئەوێ. ناوبراو ئەڵێت 6سـاڵ لە پاکستان گیرمان خوارد .

بوو، ئەوەبوو لە ناو زیندان سێ کەس لە ژێر ئەشکەنجەدا مردن بە ناوەکانی(سەفین عوسمان و سابیر کوردستانی و هیوا ئەحمەد) دواتر هەندێکمان ئازاد کراین، بەڵام هەندێکی تر لە زیندان مانەوە ڕۆژێک دوای ئازاد کردنمان هێزێکی پێشمەرگەی حیزبی شیوعی ناو بازاری شەقڵاوە هێرش دەکەنە سەر هێزێکی سەربازی ڕژێم زیاتر لە ١٠ کەسیان دەکوژن لە ئەنجامدا ٢٣ کەس لە خەڵکی شەقڵاوەلە ژێر دەستی ڕژێم مابوویەوە ئەوە گولە بارانیان کردن و بە گۆڕی بە کۆمەڵ ناشتیان..**(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

فەخریە مستەفا محەمەد علی لە دایک بووی سالی ١٩٥٧ ئافرەتێکی تری زیندانی سیاسی بەبێ بەشداری کردن لە خۆپیشاندانەکە بووە فەخریە مستەفا ئەڵێ لە ٢٨-مانگی ١١ حیزبی شیوعی لە دژی ڕژێم خۆپیشاندانی ئەنجام دا دواتر حکومەتی بەعس خۆی بێ دەنگ کرد تا مانگی ١١ ئەوەبوو لە ١٤ -١١ لە ژێر ناوی هەڵبژاردن و سەرژمێری هەستان بە دەست گیر کردنی کۆمەڵێک کەسی شەقڵاوە لە ناویشیان من بووم لەگەڵ باوکم و براکەم بووین کە براکەم تازە لە بەغدا ئەگەڕایەوە ئەویشیان لەگەڵ ئێمە گرت ئێمەیان هەموو لە سەرمەیدانی شەقڵاوە کۆ کردەوە بە دەبابە و سەیارەی عەسکەری دەورمان گیرا دواتر ئێمەیان بردە ئەمنی عامی هەولێر لەوێش کراین بە ٣ بەش ژنەکان بە جیا پیاوەکان بە جیا کۆمەڵەیەکی تریش بە جیا بوو ئیتر بەس من و نەجیبە خان لە دایرەی ئەمن ماینەوە بەڵام ئافرەتی تر لەسەرەوە هەبوون چونکە گوێمان لە دەنگی منداڵی ساوا ئەبوو لە زیندانی لێپێچینەوەمان لە گەڵدا کرا وتەنانەت کارەبایان لێ دەداین و لە زیندانیەکان ٢ کەس لە ژێر ئەشکەنجە مردبوون بۆیە زۆر مەشغول بوون بەمە هەروەها ئەڵێ جارێکیان لەلایەن جەلاتیک ٢ زللەی وام پێکەوت هەرگیز بیرم ناچێتەوە هەروەها هیچ کەسمان نەبینی لەم ماوەیە کەس نەی ئەزانی ئێمە لە کوێین ئیتر دوای یەک مانگ لە ڕۆژی پێنج شەممەیەک بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراین

ڕاستییەکەی لە دوای ئەو کۆمەڵکوژی و ڕەشبگیرییەی، کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە شەقڵاوە ئەنجامدرا، تا دەستپێکردنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ یش چالاکی ژنانی شەقڵاوە هەر بەردەوام بوو، ئەو ژنانە بەردەوام بوون لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و دژایەتیکردنی حکومەتی بەعس، لەوانە

فاتەهەلۆ ژنێکی سیاسی ناو شەقڵاوە بوو مەجید خۆشناوی کوڕی دەڵێت جارێك پێشمەرگەیەك لە دەست بەعس ڕای کردبوو ئەو دوو ڕۆژ لە ماڵەکەی خۆی داڵدای دابوو ئەو دوو ڕۆژە جوڵە لە شەقڵاوە قەدەغە کرابوو کەس بۆی نەبوو لە ماڵەوە بێتە دەرەوە ئەو بە نهێنی لە ڕێگەی هیران و نازەنین ئاودیوی کرد، ئەو دەڵێت پێش ڕاپەڕین من لە شاخ پێشمەرگە بووم دایکم بەڕێگای قاچ بە کۆڵ نان و چەك و کەل و پەلی دەهێنا، تەنانەت دکتۆر کەمال خۆشناو دەیگوت ئەگەر ئێمە لە شەقڵاوە دایکە فاتمەمان هەبێ پێویستمان بە هیچ ڕێکخراوێکی ژنان نیە.

هەروەها مجید خۆشناو دەڵێت (زەخۆك) ئافرەتێکی شۆڕشگێری پێش ڕاپەڕین بوو،ئەو هەندێك لە کوڕەکانی پارتی بوون هەندێك یەکێتی، بۆیە بۆ پاراستنی کوڕەکانی و نهێنی کوردایەتی وای ڕێك خستبوو کوڕەکانی، کە دەهاتنەوە بۆ ماڵەوە بۆ کاری نهێنی یەکتر نەبینن، هەروەها گوتی (ئایشە گول) ئافرەتێکی تری قارەمان و پێشمەرگەی پێش ڕاپەڕین بوو سەر بە پارتی بوو**(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**.

یەکێکی تر لەو ژنانەی لەو کاتەدا زۆر چالاک بوو پلکە فایزە بوو، ناوبراو دەڵێت دوای گەرانەوەم بەردەوام لە دایرەی ئەمن بانگ دەکرام و ئەزیەت ئەدرام , تەنانەت جارێك لە دایرەی ئەمن لەگەڵ لێدانی لەقەی ئەمنێك منداڵەکەم چەند مەترێك لە دەست پەڕیوە هەروەها دەڵێت بەردەوام داوای ئەوەم لێ دەکرا لەگەڵ ئەمنەکان ئیش بکەم، بەڵام هەموو جارێك ڕەتم دەکردەوە بە بیانووی نەبوونی هیچ خوێنەواریەك. (پلکە فایزە) تەتەر بووە لە نێوان شاخ و شار یەکێك لە گرنگترین چالاکیەکانی پلکە فایزە , هێنان و بردنی بەریدەکان بووە لە بەینی شارەکان , کە خۆی لە شێوەی ژنێکی دوو گیان نیشان دەدا و ئەیخستە ناو سکی بۆ ئەوەی لە سەیتەرەکان ئاشکرا نەبێت, تەنانەت لە کاتی گیران خۆی ئەبوورانەوە بۆ ئەوەی لێی دوور کەونەوە..**(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

(مەریەم ماسەی مەسیحی)(حیاتی سستەر) ژنێکی تری چالاکی ئەو ماوەیە بوو، کە جگە لەوە پیشەی سستەر بووە دەیان شەو ئەو پێشمەرگانەی بریندا ببوون لە ماڵەکەی خۆی چارەسەری کردوون ڕۆڵی دکتۆرێکی بینیووە، ئەو دەڵێت هەر کاتێك گومان کرابا سەرم یارمەتی ئامر لیوا بەعسیەکانم ئەدا بۆ ئەوەی کێشەم بۆ دروست نەبێت، تەنانەت کاتێك زۆربەی ڕۆژەکان لەلایەن بەعسیەکان بانگ دەکرام بە هۆکاری یارمەتی دانی پێشمەرگەکان, هەموو جارێك دەمووت من پێشمەرگەو جاش لێك جیاناکەمەوە من خوێنەوارم نیە , دەگووت تکایە ڕێگایەکم نیشان بدەن بۆ ئەوەی بزانم کێ جاشە و کێ پێشمەرگەیە بۆ ئەوەی یارمەتی پێشمەرگە نەدەم هەموو جارێك بەم شێوەیە ئازاد ئەکرام .ناوبراو خۆی دەڵێ لە هیچ سەردەمێك و لە هیچ شەڕێك دا سەر بە هیچ حیزب و لایەنێك نەبوومە بەبێ جیاوازی یارمەتی هەموو کوردێکم داوە.هەروەها (سەبریە سستەر)یش هەمان ڕۆڵی هەبووە..**(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

نیشتیمان مورشیدیش لەو کاتەدا هەر لە چالاکی بەردەوام بووە ئەو دەڵێت : بۆ دووبارە دامەزراندن پێویست بوو ساڵێک لە نەخۆشــخانە ئیش بکەیت ئەو کاتەش، کە من چووم کاتی ئەنفالەکانی بالیســان و ناوچەی خۆشــناوەتی بوو لەو کاتە ســاڵێک لە نەخۆشخانە بووم بە نهێنی بۆ خەڵکی ئەنفال داو دەرمانم دەبرد و دکتۆرە ئامانج ئەو کاتە لە نەخۆشخانەی شەقڵاوە بوو ئێستا لە سلێمانی دکتۆرە بە نهێنی دەرمانی دەنوسی منیش دەمبرد بۆ ماڵان هەمو ڕۆژێک دوو جار دەچووم بۆ لای بریندارەکان تەداویم ئەکردن.

هەروەها دەڵێت ڕۆژێک هەواڵم بۆ هات ئەو بریندارانەی کیمابارا ن و ئەنفال دەبەن بۆ زیندە بە چاڵ کردن ئیتر منیش یەک یەک بە چرپە بە هەموویانم گوت ئەوەبوو هەندێکیان خۆیان رزگارکرد و هەڵهاتن، بەلام هەندێکیان لەبەر ســەختی برینەکەیان نەیانتوانی ڕابکەن ئەوەبوو بۆ ئێوارەکەی هەمان ڕۆژ ئەوانیان بردن و ئەنفالیان کردن **(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**.

کافیە محمد کاوێسـیش کە لە ســاڵی ١٩٦٥ لە شـەقڵاوە لە دایك بووە پێش ڕاپەڕین لەگەڵ (سـەبیحە ئەحمەد)ی خەسـوی لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شـەقڵاوە کاری دەکرد. (سەبیحە ئەحمە) لە کاتی ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕین شـان بە شـانی پیاو کاری دەکرد ئەمانە جگە لەوەی لەو کاتەدا لە شـــەقڵاوە خانەوادەی زۆربەی پێشـــمەرگەکان لە زیندان بوون هەندێك جار لەگەڵ لێبووردنی گشـتی ئازاد دەکران, بۆ نموونە خێزانی(شـەهید سـۆرانی مەسـیحی) لە زیندان بوو کە مێردەکەی پێشـمەرگەیە بوو.

هەروەها ژنێکی تر لەپێش ڕاپەڕین کەوتە زیندان هەر لەناوزیندان منداڵی بوو بۆیە منداڵەکەی ناونرا بەندی کە ئێســتا ئەم منداڵە لە ووڵاتی ئوستراليايە. **(کاوێس،٢٠٢٣،چاوپێکەوتن)**.

لەلایەکی ترەوە ژنانی شـەقڵاوە لە ناو قوتابخانەکان ڕۆڵی دیاریان بووە لە چالاکییە هونەرییەکانی وەکو مۆسیقا و هەڵپەڕکێ جا چالاکی نهێنی بووایە یان ئاشــکرا کافیە محەمەد کاوێس دەڵێت لە پێش ڕاپەڕین قوتابیانی کچی شـــەقڵاوە ئاهانگی بۆنەو نەورۆزیان ئەنجام دەدا منش لە ناویان بووم و بەشداری چەندین چاڵاکی و بۆنەکانم کردووە.

لەو کاتە لە ڕووی هونەرییەوە (لیلا مسـتفا)ی شـاعیر کە ئێسـتا شـیعرەکانی لە کتێبی پۆلیدووەمی ناوەندی هەیە و (بەهار موفتی, بەنازکاوێس و چیمەن کاوێس)ی نوســـەر (هەنار موفتی) شـــاعیر ڕۆلیان هەبووە کە زۆربەی بە نهێنی بووە و لە بەرئەوەی حکومەتی بەعس ڕێگای نەداوە بۆیە بە ئاشـــکرا دەرنەکەوتوون بۆ نموونە فاتیمە خدر گوتی من پێش ڕاپەڕینیش کاری هونەریم دەکرد بەڵام بە هۆی ســەردەمەکەوە تەنها لە قوتابخانەکەدا بە مامۆســتاکانم پێشــان دەدا و نەمدەتوانی پێشــانگا بکەمەوە **(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**.

هەر لەو کاتەشـــدا ئافرەتی شـــەقڵاوە هەبووە کە بە هۆکاری ســیاســی لە دەرەوەی وڵات بووە، بەڵام لەوێوە یارمەتی بۆ پێشـمەرگەی شـەقڵاوە ناردووە وەکو (سـامیە شـاکرسـادق)، دکتۆرە سـامیە یەکەم کچ بووە لە شـەقڵاوە بە تەنیا بۆ خوێندن چۆتە بەغدا، کە ئەمەش کێشـەی زۆری بۆ دروست کراوە لەلایەن خزمەکانی جگە لەوە یەکەم کچ بووە لە(ڕێخراوی کچان و قوتابیان و یەکێتی نوسـورانی کورد هەروەها مامۆسـتایان) کاری کردووە لە کۆڕۆ و کۆبوونەوەکان بەشـداری کردووە وەک ئەندامی سـەرەکی هەروەها یەکەم کچ بوو لە هەولێر و شـەقڵاوە بووە بە ئەندامی ئەنجوومی یاسـا دانان لە دوو خولی ئەجومەن کاری کردووە بە هۆی (تەعریب و تەبعیس و گۆڕینی دیموگرافی کوردستان دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بە هۆی هەڵوێستی ڕامیاری جۆرەها سزا دراوە لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئەنجام ناچار بووە بە جێهیشتنی وڵات بەڵام لە دەروە درێژەی بە کار و چاڵاکیکانی داوە. **(سادق، ٢٦:٢٠١٩، ٢٧)**.

**شەشەم : ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە شەقڵاوە و ڕۆڵی ژنانی شەقڵاوە**

لە ٥-٣-١٩٩١ لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە دژی حکومەتی بەعس ڕاپەڕین دەستی پێکرد،کە سەرەتا لە شاری ڕانیە بوو دواتر وردە وردە شـارو شـارۆچکەکانی کوردسـتانی گرتەوە لە نێو ئەوانەش شـەقڵاوە لە ڕۆژی ٨ی ئادار پلانی ڕزگار کردنی شـەقڵاوە لە کۆبوونەوەیەکی باغی گشـتی ڕانیە دانرا. شـەقڵاوە هێزێکی گەورەی سـوپای عێراقی لێ بوو، بۆیە ڕزگار کردنی ئاسـان نەبوو لە شـەڕی شـەقڵاوە هێزێکی پارتی کۆمۆنیسـتی عێراق و حیزبی سـۆسـیالیسـتی عێراق بەشـدار بوون و ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی،کە ئۆپراسیۆنەکە بە سـەرپەرشـتی کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی بەڕێوەچوو. سـەرەرای زۆری هێزەکانی عێراق لە شەقڵاوە، هێزەکان خۆیان ڕانەگرت ژمارەیەکی زۆریان خۆیان دا بەدەستەوە.. **(ئەسەسەرد، ٢٠٢٣: ٦٣،٦٤)**.

لە ٩-٣-١٩٩١ز شەقڵاوە ئازاد کرا چەکێکی زۆر دەستی بەسەر داگیرا دواتر لە ڕزگارکردنی هەولێر بەکارهێنرا. ڕاپەڕین لە شـەقڵاوە سـەرکەوتنێکی ستراتیژی بە دەست هێنا، ئەویش لە سۆنگەی دوو فاکتەر ەوە، هۆکاری یەکەم، پارێزگای هەولێری کرد بە دوو بەشـەوە بەشی باکوورو باشوری لێک جیا کردەوە لە ئەنجامی ئەمەدا هێزەکانی حەوزی سۆرانی سوپای عێراقی لە فەرماندەی ناوەندی هەولێر دابڕان(شـوان خۆشـناو)، هۆکاری دووەم شـەقڵاوە سـەنتەری ئۆپراسیۆنی ڕزگارکردنی هەولێر بوو هەر لە شـەقڵاوە کۆبونـەوە فەرماندەیەکان لەگەڵ لیژنەی کاری ڕاپەڕینی هەولێر دەکرا هەر لەوێ چەک بۆ شـانە چەکدارەکانی هەولێر دەنێردرا و لە شەقڵاوە پلانی ڕزگار کردنی هەولێر درا. **(ئەسەسەرد، ٢٠٢٣: ٦٣،٦٤)**.

سەبارەت بە ڕۆڵی ژن، ئەوا بە پێی ئەو چاوپێکەوتن و خوێندنەوەی سەرچاوە و بەڵگەنامەکان ژنانی شەقڵاوە ڕۆڵێکی یەکجار گەورەیان هەبووە لە ڕاپەڕینی شەقڵاوەدا لەوانە، زرار سەرتاش نوسور و ڕۆمانووس،کە خۆی لە ڕاپەڕین لە شەقڵاوە بووە لەسەر ڕۆڵی ژن لەڕاپەڕین دەڵێت : ژن زۆر لە راپەڕیندا بەشدار بوون، بۆ نمونە ژنی وا هەبوو لەناو ڕاپەڕین لە شەقڵاو دەکەوتە پێش هێزی چەکداری پێشمەرگە هەل هەلەی لێ دەدا و ئەبووە ووره بۆ هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ڕاپەڕین،لەوانە (فاتە هەلۆ) لە ناو ڕاپەڕین دەکەوتە پێش هێزی پێشمەرگە. هەروەها مەجید خۆشناو کوڕی فاتە هەلۆ دەڵێت : لەسەردەمی ڕاپەرین فاتە هەڵۆ پێشڕەوی پێشمەرگەی دەکرد و ڕێگای نیشان ئەدان سەرەتا شوێنی تاقی دەکردەوە پێشمەرگە بە دوای ئەودا دەهاتن. هەروەها فایزە ئەحمەد محمود ناسراوە بە پلکە فایزە لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە شاخەوە هاتەوە ناو شار بەشداری ڕاپەڕینی کرد **(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**. سەستەرە حیات لەبارەی ڕاپەڕین دەڵێت: لە ڕاپەڕین بە نەهێنی و بە ئاشکرا یارمەتی پێشمەرگ برینداڕەکانی دەدان و تیماری دەکردن و لە ماڵەکەی خۆیدا داڵدەی ئەدان**(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**،ئەمە جگە لەوەی لە نەخۆشخانەکان تیمێمی باشی ئافرەتی لێبووە وەک (شەرمن خزر ئیبراهیم)و (مەریەم ماسەی مەسیحی)و (حیاتی سستەر)، (سەبریە سستەر) کە ڕۆڵی گەورەیان بوو لە تیمارکردنی پێشمەرگە برینداڕەکان. **(صلیوة،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

**حەوتەم : بارودۆخ و ڕۆڵی شەقڵاوە دوای ڕاپەڕین و ڕۆڵی ژن دوای ڕاپەڕین**

شوێنی شەقڵاوە و هەڵکەوتە وسروشتە جوگرافییەکەی، کە نزیکی شاری هەولێر بوو وایان کردبوو شەقڵاوە لە دوای ڕاپەڕین وگەڕانەو لە کۆڕەودا ناوچەیەکی گرنگ وقەرەباڵغ بێت، ئەوەبوو بارەگای هەموو سەرکردە سیاسیەکان و حیزبیەکان لە شەقڵاوە بوون , مام جەلال، ماڵی لە شەقڵاوە بووە , سیکرتێری حیزبی زەحمەت کێشان , سیکرتێری حیزبی شیوعی و سیکرتێری هەموو حیزبەکان لە شەقڵاوە بوون، بارەگای زۆربەی ڕێکخراوە سیاسی و حیزبیەکان لە شەقڵاوە بوون، تەنانەت زۆربەی دەزگاکانی سەر بە بەرەی کوردستانیش هەر لەوێ بوون بۆ نموونە دادگای باڵای بەرەی کوردستانی کە حاکم ئازاد وەکو نوێنەری حزبی شیوعی تیایدا ئەندام بووە، کە خۆیشی خەڵکی شەقڵاوە بووە،هەر لەوێ بووە، دواتر ئەمانە چوونەتە هەولێر بە تایبەت عەنکاوە هەتا زۆربەی ڕێکخراوە بیانیەکان بارەگاکانیان لە شەقڵاوە بووە بۆ نموونە(منداڵ پارێزانی بریتانیا).**(سەرتاش٢٠٢٣:چاوپێکەوتن، یونوس،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**، هەربۆیە ئەمە کاریگەر بوو لەوەی جوڵەی سیاسی و ڕۆشنبیری لە شەقڵاوە گوڕوتینی هەبێتو لەم رووەشەوە ژنان ڕۆڵیان هەبێت.

دوای ڕاپەڕین چەندین ڕێکخراوە لە شەقڵاوە کرایەوە وەک ڕێکخراوی ژنان و ڕێکخراوی منداڵ پارێزان هەروەها کردنەوەی چەندی گۆڤار،ئەوە بوو دوای ڕاپەڕین یەکەم گۆڤار پێش حکومەت و پێش هەموو حیزبەکان نەك هەر لە شەقڵاوە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان تاکە گۆڤار کە لە چاپخانە چاپ بکرێت و بە دیزاینێکی سەردەمیانە گۆڤاری مەم بوو کە لە چاپخانە چاپ کرا دوو ژمارەی لێ دەرچوو بەڵام بەداخەوە لەبەر نەبوونی توانای دارای نەتواندرا درێژە بەم گۆڤارە بدرێت. هەرچەندە یەکەم گۆڤار لە کوردستان لە ڕەواندز بە ناوی گۆڤاری قەڵا دەرچوو بەڵام چاپ نەکرا تەنها کۆپی بوو, بۆیە گۆڤاری مەم بەیەکەم گۆڤار دادەنرێت.ئەو تایبەتمەندییەی شەقڵاوە هەیبوو لەو کاتەدا، کە زۆربەی خەڵکە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان لەوێ کۆبووبوونەوە ڕۆڵی هەبوو لەوەی شەقڵاوە ببێتە شێنی دەرچوونی یەکەم گۆڤار بۆ نمونە حاکم ئازاد حەمەدەمین دەڵێ: سەرلەبەریی ئەو کەسانەی لە گۆڤارەی مەم دەیانوسی وەک سەرنوسەری گۆڤار کە سابیر ڕەشیدە، وە سکرتێری نوسین،زرار عبدڵلا سەرتاش، هەروەها دەستەی نوسەران،ئازاد حەمەدەمین یونوس،ئەبوبەکر خۆشناو،مەلاکچکە،خەلیل خۆرانی،سەردار قادر کاوانی،مجید حاجی ڕەحمان، وە دەستەی ڕاوێژکاری ئیسماعیل بەرزنجی،تاریق جمباز، سەباح ڕەنجدەر،بورهان ئیبراهیم یەعقوب لە شەقڵاو دادەنیشتن و خەڵکی شەقڵاوە بوون. جگە لە نووسەرەکان کە چەند ناوێکی دیاری ئەدەبی کوردی تێدا بوون لەوانە قوبادی جەلی زادە، کە ئەوکات هاوپیشەی حاکم ئازاد بووە و هەروەها (کەریم دەشتی،ئیسماعیل ئەنوەر بەرزنجی،عباس عبدالله یوسف،موحسین کەریم،ئیسماعیل حەمەدەمین،سابیر ڕەشید،هەژار گەرمیانی....هتد)[15]وە جێگای باسە لەم گۆڤارەدا چەندین بابەتی ئەدەبی وهۆنەری گرنگ و ئاست بەرز بڵاوکراونەتەوە.

دوای گۆڤاری مەم گۆڤاری دەنگارە لە شەقڵاوە دەرچوو, ئەویش دوو ژمارەی لێ چاپ کرا، حاکم ئازاد حەمەدەمین یونوس لە بارەی گۆڤارەکەوە گوتی ئەو گۆڤارە لە سەرتادا یەکەم ژمارەی دەرچوو، من ئاگادار نەبووم بە شێوەیەکی باش دیزاین وچاپ نەکرابوو، بەڵام بۆ بۆ ژمارەی دووەم من بڕیارم دا بە کوالیتی باش ئەنجام بدرێت ئەوەبوو ژمارەی دووەمی لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر لە ئاستی بەرزدا بوو، ئەوەی جێگای سەرنجە لەو سەردەمە لە دەستەی نوسەرانی دوو ئافرەت بوونە کە حاکم ئازاد گێڕایەوە گوتی لەبەر ئەو ڕۆڵە باشەی هەیانبوو لە رووی ئەدەبی وهونەرییەوە من پێم باش بوو بێنە ناو دەستەی نووسەران، دواتریش هەر ئەو پێشنیاری کردووە دوو ئافرەت بین بە دەستەی نووسەران، بە ناوەکانی (بەهار مەلا کچە، چیمەن

15 بۆ زانینی هەموو ناوەکانی ئەدەبی کوردی ئەو کاتە بڕوانە گۆڤاری مەم ژمارە یەک و ژمارە دوو.

کاوێس)گرنگترین ئەو ژنانەی نوسینیان هەبووە و بەرهەمی خۆیان تێدا بڵاو کردۆتەوە لەوانە بەهار موفتی نوسینێکی بەناوی گەشتێکی کورت بەناو ژیان و دیوانی ((مەلا گکچە))، هەروەها کنێر حەسەن حەمە خانم شیعرێکی بە ناوی((چرپەی باران))،هەروەها چیمەن کاوێس ئاغا بەرهەمێکی بە ناوی ((هۆ خانزاد هەمو گوێم بۆ شل بکە))،وە ماریە ئەحمەد بەرهەمێکی بە ناوی((فرمێسک و تەمەن و خەون))هەیە، هەروەها چیمەن سالح لەم گۆڤارە باسی کۆنگرەی یەکەمی مامۆستایان دەکات لە شەقڵاوە دەکات. ناوی کە نوسەرانی زۆر لێهاتوو بوون هەروەها ژنە شاعیری کۆچ کردوو(شۆڕش کاوان) **(دەنگارە،١٩٩٩: ٢٨-٣٢)**.

هەروها لەو ماوەیەدا گۆڤاری (یەنبوع) لە شەقڵاوە دەردەکرا، قەشە ئازاد صبری لە بارەیەوە ئەڵێ کە گۆڤارێکی وەرزی بوو بە سەرپەرشتی و بە بیرۆکەی من لە ساڵی ١٩٩٢دەرچووە وە خۆم سەرنوسەری بوومە بە پشتیوانی مادی چەند خێرخوازێکی دەرکراوە، هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی ژن ئەڵێ ژن جگە لە نوسین لە بواری هونەری و تەکنیکی و لایەنی ئەرشیف کردن ڕۆڵی گەورەی هەبووە لە گۆڤارەکە لەوانەش (جاکرل عبدالمسیح،،سامیە عبدالمسیح، نەدا ئیسحاق سەبی،شیرین یوحەننا،) کە هەموویان دکتۆر و مامۆستا بوون کەم لە ڕووی سیاسی ئیشیان ئەکرد، لە کەنیسە ئافرەتێکی مامۆستاهەبوو بەناوی ئیمان ئەمە چاڵاکی خێرخوازی و ڕۆشنبیری و وەرزشی و هونەری هەبووە مامۆستیا کەنیسە بووە خەڵکی لەوێ پێگایاندووە، چەندان ژمارەی لێ دەرچوو هە موو کار و چاڵاکیەکانی شەقڵاوەی تیا بڵاو ئەکرایەوە کە ژن ڕۆلێکی گرنگی هەبوو لە نوسین و چاڵاکیەکان لەم گۆڤارە , دەستەی نوسەرانی ئەم گۆڤارە زۆربەی هەرە زۆری ژن بوون هەروەها 20 ساڵ بەردەوام بووە.**(یەنبوع،١٩٩١:گۆڤار)(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

کافیە محمد کاوێس لە بارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیری ژنەوە لە شەقڵاوە لە داوای ڕاپەڕین گوتی زۆربەی ئەو ژن و کچانەی لە شەقڵاوە لە ڕاپەڕین و پێش ڕاپەڕین لە بواری هونەری و ڕۆشنبیری بە شدار بوون بریتی بوون لە (فاتیمە شەقڵاوەی, بەهار موفتی, هەنار موفتی, نیشتیمان مورشید) ئەم ژنانە تا شەڕی ناوەخۆ چاڵاک بوون , بەڵام شەڕی ناوەخۆ هەموو خەونەکانی لە باربردن. **(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**.

لە ڕاستیدا ئەگەر براونینە کارە هونەری و ڕۆشنبیری وئەدەبییەکانی ئەوکاتە دەردەکەوێت هەریەک لەم ژنانە ڕۆڵی دیار وبەرچاویان هەبووە لە م رووە کە تیایندا بووە لە بواری ئەدەب و نوسیندا ڕۆڵی بووە هەشیان بووە لە ڕووی هونەری وئەدەبییەوە کاری کردوە وەکو بەهاری مەلا گچکە کە لە ئەدەبدا ڕۆڵی دیاری هەبووە هاوکات لە بواری شانۆشدا بەشدار بووە هەروەها فاتیمە خدر جگە لە شیوەکاری بەشداری شانۆگەریشی کردووە

لە شەقڵاوە چەندین هونەرمەندی خۆڕسک هەبوو کە دوور لە گشت میتۆد و بەرنامە و پرۆگرامێک خەریکی کار و بەرهەمی هونەری بوون هەوڵەکانیان بۆ بەهێز کردنی پێگەی هونەری خۆیان بوو کە بەشێوەی خۆڕسک و بەرهەمی خۆیان بوون، کە چەند کەسێک بوون [16]لە ناویشیان لە (فاتمە خزر ئیبراهیم) یش وەکو ژنێک لەم ڕووەوە دەرکەوتووە، فاتیمە شەقڵاوەی هونەرمەندی شێوەکار بوو دوو پێشانگای کردەوە هەروەها چەندین پێشانگای تر کرانەوە لەوانە پێشانگای (مەتحەت کاکەی)لە ناو ماڵێکی سادە کرایەوە زیاد لە پانزە ڕۆژی خایاند. هەر لەبارەیەوە بەرێز فاتمە خدر کە هەونەری شێوەکارە خۆی ئەڵێت لەگەڵ ئەوەی پێش ڕاپەڕین حەزێکی زۆرم بۆ کارەکەم هەبوو بەڵام بە هۆکاری سیاسی نەمتوانی بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ کارە هونەریەکانم بکەم تەنها ناو قوتابخانەکان چاڵاکیم ئەنجام ئەدا بەڵام دوای ڕاپەڕین ڕاستەوخۆ دەستم کرد بە کردنەوەی پێشانگا بۆ تابلۆکانم یەکەم پێشانگا لە ساڵی ١٩٩٢ بە هاوبەشی لەگەڵ (مەهابات حسەن) دواتر چەندین پێشانگای سەربەخۆی لە شەقڵاوە و هەولێر کردۆتەوە تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٢ بە بێ ئامادە بوونی خۆی لەرێگەی ڕێکخراوە ئەمریکیەکان تابلۆکانی بەشداری پێشانگای پێکراوە تابلۆکانی براون بۆ ئیسپانیا و ئەمریکا، و ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندان بووە لە ساڵی١٩٩٢ هەر لەم ساڵە لە گەڵ بەهاری مەلا گچکە بەشداری دوو شانۆگەری کردووە یەکێکان لە شەقڵاوە لە یادی ٢٣ شەهیدەکەی شەقڵاوە بە ناوی (مێرگی مەرگ) دووەمیان لە هەولێر بوو و لە شەقڵاوەو ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووەلە ساڵی٢٠٠٦، بەپێی گوتەی مەجید خۆشناو ئەم یەکێک بووە ل لە ئەندامەکانی کۆمەڵەی هونەرمەندان لە شەقڵاوە، کە لەدوای ڕاپەڕین کرابۆوە و چەندین هونەرمەندی شارەکە تیایدا ئەندام بوون **(٢٠٢٣: چاوپێکەوتن)**.

لە ڕاستیدا لە دوای ڕاپەڕین لە شەقڵاوە چەند ڕێکخراوە وسەنتەرێکی هونەری ورۆشنبیری وگەنجان کراونەتەوە، کە لە پاڵ کوڕاندا ژن و کچێش ڕۆڵیان تێدا هەبووە لەوانەش (یانەی ڕۆشنیری شەقڵاوە) دوای ڕاپەڕین کۆمەڵە گەنجێکبە کچ و کوڕ بە گرووپ تینەوە دەوریان لە یانە دا ئافرەتان ڕۆڵی زۆر گەورەیان هەبو لە یانە کاریگەریان هەبووە لە جووڵانەوە ڕۆشنبیری لەم شارە، (لێژنەی شەقڵاوەی یەکێتی نووسەرانی کورد) دوای ڕاپەڕین یەکێتی نووسەران کۆنگرەی ڕاپەڕینی لە شەقڵاوە بەست

16 بۆ زانیاری زیاتر وزانینی ناوەکانیان بڕوانە گۆڤاری دەنگارە...



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

یەکەم جار بە ناوی(یەکێتی نوسەرانی کورد)دواتر ناوەکەی گۆڕا کرا (لیژنەی شەقڵاوەی یەکێتی نووسەرانی کورد). جگە لەوە (سەنتەری ڕۆشنبیری شەقڵاوە) هەبوو, هەروەها(کۆمەڵەی ڕۆشنبیری پێشکەوتوو خواز) هەبوو لە هەمووئەو چالاکیانە ژن دەوری سەرەکی هەبوو. بەڵام بە داخەوە ململانێ ی حیزبایەتی و شەڕی ناوخۆی زۆربەی خەونی ڕۆشنبیران و نوسەرانی لەباربرد, وای لێهات سەری خۆیان هەڵگرن و لە تاراوگە درێژە بە حەزەکانیان بدەن. دوای ڕاپەڕین بۆ ماوەیەك هەناسەی ئازادیمان هەڵمژی بەڵام بە داخەوە شەڕی ناوەخۆ کۆسپێکی تری گەورەی دروست کرد. **(سەرتاش،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن، یونوس،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

لە ناو کەنیسەی شەقڵاوە دوای ڕاپەڕین چەندین چالاکی (ئاینی و ڕۆشنبیری) لەلایەن ژن ئەنجام ئەدرا , بەڵام زۆربەی جار توشی کێشە ئەبوون تەنانەت هەندێك لە ژنەکان دەست گیر ئەکران.**(ئەنیس،،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**[17]

**هەشتەم: ڕۆڵی سیاسی ژنانی شەقڵاوە لە دوای ڕاپەڕین**

دوای ڕاپەڕینیش چالاکی ژنانی شەقڵاوە بەردەوامی هەبوو، فاتە هەڵۆ یەکێک بووە لەو ژنانەی لە دوای ڕاپەڕین لە کۆڕەوەکە شەقڵاوەی جێنەهێشت و ڕۆڵی دیاری هەبوو لەناو شەقڵاوە هەروەها بنەماڵەی سەبیحە ئەحمەد دووبارە دەستیان کرد بەچالاکیەکانیان. دوای گەڕانەوەش لە کۆڕەو ئیتر هەر بەشێک لەو ئافرەتانە سەرەدانی ڕێکخراو و بارەگای پارتەکانیان کردووە، لە لایەکی ترەوە لە دوای کەوتنەوەی جەنگی ناوخۆ ژنانی هەموو حیزبەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە بە کۆکردنەوەی واژۆ دژ بە شەڕی ناوەخۆ بەوەی لە دامو دەزگاو ماڵەکاندا دەگەڕان بۆ کۆکردنەوەی واژۆ دژ بە شەڕ , جگە لەوە ڕۆڵیان هەبووە لە وشیار کردنەوەی خەڵك دژ بە شەڕی ناوەخۆ .**(عبدالقادر،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

گرگترین ئەو ژنانەی دوای ڕاپەڕین لە رووی سیاسییەوە چالاکبوون و کاری سیاسییان ئەنجام داوە بریتیبوون لە (سەوزە خان , نیشتمان مورشید, فەخریە مستەفاو دایکی سەلام گەلاوێژ) نیشتمان مورشید لە ساڵی ١٩٩٢ز ئەندامی کۆنگرەی یەکێتی بوو کە کۆنگرەکە لە هەولێر لە هۆڵی میدیا بوو هەروەها (هەتاوخان، ژیان نەشیروان، سالح کۆی، تاڤگە عبدالرحمن) چەند ئافرەتێکی شەقڵاوەی ئەندامی کۆنگرە بوون، نیشتیمان مورشید گوتی دواتر دوای دامەزراندنی مەڵبەندی شەشی یەکێتی لە بناغەی مەڵبەند ئەندامێکی، ئەو یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی مەڵبەندەکە، دواتر بۆتە بەرپرسی لقی ژنانی یەکێتی، کە چەند ژنێکی تریش لە گەڵ ئەودا بوون لەوانە (ڕووناک ئەحمەد بەکر، سەوزە عەبدڵا،تاڤگە عبدالرحمن)و لەو ماوەیەدا چالاکی رۆشبیری و پیشەیی زۆریان بۆ ژنان ئەنجامداوە لەوانە دانانی (کارگەی بەرگدرووین) بۆ دابەش کردنی جل و بەرگ بەسەر هەژاراندا دواتر لە شەڕی ناوەخۆ بەهۆی هەرەشەی کوشتنی لەسەری ڕای کردووە بەرەو هەریر و خەلیفان و دهۆک و دواتر گەرانەوەی بۆ بالیسان درێژە دان بە خەباتی پێشمەرگایەتی دواتر یەکێتی ژنان دانرا چەند ئافرەتێک سەرپەرشتی.**(بەکر،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن،سالح،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

هەروەها ڕووناک ئەحمەد بەکر لەدایک بووی ساڵی ١٩٦٥ لە شەقڵاوە ئەڵێ:لە ساڵی ١٩٩١ لە رێکخستن بوومە لە ساڵی ١٩٩٢ هاتمە ناو سیاسەت بە شانە دەستم پێ کرد و هەموو ئۆرگانەکانی حیزبم بری لە ساڵی ١٩٩٢-١٩٩٣ پۆل بووم لە ساڵی ١٩٩٤ لێپرسراوی کەرتی ژنان بووم گرنگترین ئەو ژنانەی ئەوکاتە رۆڵێکی باڵای سیاسیان هەبوون(نیشتیمان مورشید،ڤیان، سەوزە عەبدوڵا،ژیان قادر گۆزێ،ئاواز و حەسیبە)بوون لەو کاتە جگە لە کۆبوونەوەو چاڵاکیە حیزبیەکان چەندین خول لەلایەن ژنان دەکرایەوە وەکو خولەکانی بەرگدووری،خۆشنوسی، ئیشی دەست...هتد). **(٢٠٢٣:چاوپێکەوتن).**

لە ٢٤-١٢ شەڕی ناوەخۆی دەستی پێ کرد و بە پێی سەرچاوەکان و چاوپێکەوتنەکان جەنگی ناوەخۆی کاریگەری گەورەی کردە سەر شەقڵاوە لە هەموو بوارێک ئیتر شەقڵاوە بە شێوەیەکی گشتی ئەو رۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەی جارانی لە دەست دا. و هاوکات ژنانی شەقڵاوەش ئەو چالاکی و رۆڵەی پێشوتریان لە ناو شارەکەدا کەم بۆوە.

**ئەنجام**

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێک لەوانە:

1 - پێگەی جوگرافی شەقڵاوە و سروشی شارەکە و پێکهاتە ئیتنی و کۆمەڵایەتییەکەی وایانکردووە ئەم شوێنە لە مێژوودا بایەخی ببێت و بەتایبەتی لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و دواتریشدا هەمیشە وەکو ناحیە و قەزا دەرکەوتبێت، ئەمەش دواجار لە مێژووی ماوە درێژیدا رەنگدانەوەی لەسەر بونیادی سۆسیۆ- مێژوویی شارۆچکەکە بووبێت وای کردبێت لە رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا چالاکانە دەرکەوێت وهاوکات رەنگدانەوەی بەسەر دەرکەوتنی رۆڵی ئافرەتی ناوچەکەش لە بۆتەی رووداوەکاندا بووبێت.

---

17 17 (قەشە یەعقوب سولا ئەنیس) لە ساڵی ١٩٦١ لە شەقڵاوە لە دایک بووە لە ئێستا قەشەی کەنسەی شەقڵاوەیە **(ئەنیس،٢٠٢٣:چاوپێکەوتن)**

2 - دەرکەوتنی رۆڵی ئافرەت لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە شاری شەقڵاوە سەرەتاکانی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەرکەوتووە.

3 - یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی پێشکەوتنی رۆشنبیری شەقڵاوە برتی بووە لە دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سەفین، کە ژن لەم تیپەدا رۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە.

4 - ژنانی شەقڵاوە لە رووداوەکانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا رۆڵی گەورەیان هەبووە و هەندێکجار سەرمەشق بوون، جگە لەوەی کە هەندێک ژنی شەقڵاوە کاریگەری گەورەیان هەبووە لە هاوکاریکردنی پێشمەرگە وبۆخۆیان پێشمەرگە وڕێکخستنی ناوشار بوون

5 - ژنانی شەقڵاوە بەشداری بەرچاویان لە راپەرینی ١٩٩١ دا کردووە و لە دوای راپەڕینیش جارێکی تر شوێنی شەقڵاوە رۆڵی هەبووە لە دەرکەوتنی شارۆچکەکە لە رووی رۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەوە لەم رووەشەوە چەند ژنێک دەرکەوتوون، کە رۆڵی دیاریان گێراوە

6 - جەنگی ناوخۆیی کوردستان کاریگەری زۆر خراپی بەسەر رەوشی ژنی شەقڵاوەدا بەجێهێشتووە.

**لیستی سەرچاوەکان**

**١-بە زمانی کوردی**

**أ- کتێب**

١ -محەمەد،هۆشەنگ شێخ وعەبدڵڵا ئازا و محمەد،زیاد.(٢٠٢٢)،شەقڵاوە کولتوور و کەسایەتی،چ١، لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردەی(٥٩٥)، هەولێر.

٢- شێر،جەلا جەرجیس.(٢٠٠٧)، چەپکێک لە کەلەپووری مەسیحیەکانی شەقڵاوە،چ١،سەنتەری ئەکەد بۆ چاپەمەنی،عینکاوە-هەولێر.

٣- سەرتاش،زرار عەبدلا حەمەد. (٢٠٠٩)، شەقڵاوە ئینوسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگی یەکەم(جوگرافیا)،چ١، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان.

٤- بەدلیسی،میر شەرەفخانی.(٢٠٠٦)، شەرەفنامە-مێژووی مالی میرانی کوردستان، وەرگێرانی مامۆستاهەژار،چ٢،دەزگای ئاراس،هەولێر.

٥- کۆسا،شەمامە میخائیل مەسور.(٢٠٢٢)،چەند لایەنێک لە مئێژووی شەقڵاوە،وەرگێرانی: یوحەننا میخائیل مەنسوور ئەرسانیس باسا،چ٢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان.

٦- نەجمەدین،هودا سەباح.(٢٠١٣)،هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیاکانی گەشە پێدان و گەشت و گوزاری لە قەزای شەقڵاوە،چ١چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

٧- عومەر،عبدڵلا عامر.(١٩٩٨)،بەرزی و نزمی ڕووی زەوی هەرێمی کوردستان،لە کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق،چاپ١ سەنتەری برایەتی،هەولێر.

٨- حەداد،هاشم یاسین حەمەد ئەمین.(٢٠٠٩)، بەرزی و نزمی پارێزگای هەولێر ئینسکلۆپیدیای هەولێر) بەرگی یەکەم(جوگرافیا)، چ١،لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی بەدرخان.

٩ -بەگ،عیماد ئەحمەد حەمید ئاغا.(٢٠٢٣)، مێژووی شەقڵاوەی پێکەوە ژیان، بەرگی دووەم،چ١بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان.

١٠ -میران،کەمال خورشید.(١٩٨٧)،پەرتوکی خۆشناو خۆشناوەتی، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان،بەغدا.

١١- خۆشناو،هیمن عومەر.(٢٠١٨)، شەقڵاوەو خۆشناو لە بەڵگەنامە عوسمانیەکان،بەرگی یەکەم،چ١،چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٢ – گۆزێ، قادر.(٢٠١٤)،من و شەقڵاوە،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.

١٣- کۆلونتای،ئەلکسەندرا.(٢٠١٨)،رزگار بوونی ئافرەتە کرێکارەکان،وەرگێرانی دکتور سامیە شاکر سادق مەشخەڵ،چ١،چاپخانەی شەهاب،هەولێر.

١٤- مەشخەڵ،دکتۆر سامیە شاکر سادق.(٢٠١٩)،بەستە پیازە-بەغدا-بەرلین،هەلێر.

١٥- ئەسەسەرد،فەرید.(٢٠٢٣)، پانۆرای ڕاپەڕین ١٩٩١،بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان،سلێمانی.

١٦ -بەگ،عیماد ئەحمەد حەمید ئاغا.(٢٠٢١)،مێژووی شـــەقڵاوەی پێكەوە ژیان،بەرگی یەكەم،چ١،بەڕێوەبەرایەتی گشـــتی كتێبخانە گشتیەكان.

١٧-شـــارەزا،كەریم.(زســـتانی ١٩٩٩)،كۆنگرەكی یەكەم و دووەمی مامۆســـتایانی كوردســـتان لە شـــەقڵاوە،گۆڤاری دەنگارە،شەقڵاوە.

١٨-عبدالرحمن،مەجید.(زستانی ١٩٩٩)، شەقڵاوە تیپی مۆسیقای سەفین، گۆڤاری دەنگارە،شەقڵاوە.

**ب-گۆڤار**

١-دەنگارە،(زستانی١٩٩٩)ژمارە:٢.

٢-مەم، (١٩٩١)ژمارە: ١.

٣-مەم،(كانوننی یەكەمی ١٩٩١)ژمارە: ٢.

**ج- چاوپێكەوتن**

حیات دنحا فرنسی صلیوە ٢٨-٨- ٢٠٢٣ ڕۆژی سێشەممە شەقڵاوە.

زرار عەبدڵلا حەمەد نارسراوە بە زرار سەرتاش ٢٨-٨-٢٠١٣ ە ڕۆژی سێشەممە شەقڵاوە.

فایزە ئەحمەد مەحموود ٢٨-٨-٢٠٢٣ ە ڕۆژی سێشەممە شەقڵاوە.

دكتۆرە درەخشان علی عبدالقادر ٦-٩-٢٠٢٣ ە ڕۆژی سێشەممە سلێمانی.

مجیدخۆشناو كوڕی فاتە هەلۆ ٦-٩-٢٠٢٣ ە ڕۆژی سێشەممە سلێمانی.

كافیە محمەد كاوێس ٢٨-٨-٢٠٢٣ ە ڕۆژی سێشەممە شەقڵاوە.

هاوبەش عزیز مستەفا ٢٨-٨-٢٠٢٣ ە ڕۆژی سێشەممە شەقڵاوە.

قە شە یەعقوب سولا ئەنییس ٢٨-٨-٢٠٢٣ ە ڕۆژی سێشەممە شەقڵاوە.

نیشتیمان موڕشید ١١-٩-٢٠٢٣ ڕۆژی پێنج شەممە سلێمانی.

ڕووناك ئەحمەد بەكر ٢٤-١٠- ٢٠٢٣ڕۆژی سێشەممە سلێمانی.

حاكم ئازاد حەمەدەمین یونوس ٢١-٩-٢٠٢٣ ڕۆژی پێنج شەممە سلێمانی.

نەجیبە خدر ١٧-١٠-٢٠٢٣ ڕۆژی چوارشەممە سلێمانی.

فاتمە خزر ئیبراهیم ١٧-٣-٢٠٢٣ ڕۆژی چوارشەممە سلێمانی.

قەشە ئازاد صەبری شابا ٢٦-١٠-٢٠٢٣ ڕۆژی پێنج شەممە سلێمانی.

**٢- بەزمانی عەرەبی**

**أ- كتێب**

١- الحموی،یاقوتی.(١٢٣٨)،معجم بلدان،الجزو الثالث،بیروت.

٢- زكی،محمد أمین.(١٩٦١)،خلاصەتاریخ الكرد و كردستان من أقدم العصور حتی أن،ج٢،ت:محمد علی عونی، بغداد.

٣- شابا،الاخت حنان ایشوع.(٢٠٠١)،تاریخ مزارات شقڵاوە،اربیل.

٤- مەنصور،یوحنا میخائیل.(٢٠١٨)،شەقڵاوە أیام زەمان،الجزو الثانی،متبعة سۆران،سۆران.

٥- مكریانی،حسین حزنی. (١٩١٠)،موجز تاریخ امراء سوران، ترجمةمحمد الملا عبدالكریم، مطبعةسلمان، بغداد.

٦-خورشید،فؤاد حمە خورشید.(١٩٧٠)،العشائرالكردیة,بغداد.

**ب- گۆڤار**

یەنبوع، ١٩٩٢ژمارە: ٢